# تَحَدِّيَاتُ وَعقَبَاتُ تَعْلِيمِ الأَطْفَالِ ذَوِي الاِحْتِيَاجَاتِ الخَاصَّةِ مِنْ وِجْهَةِ نَظَرِ مُعَلِّمِي التَّرْبِيَةِ الخَاصَّةِ

م.م.عماد عبد الكريم محمد
كُلِّيَّةُ التَّرْبِيَةِ / جَامِعَةُ جَرْمُو
emad.abdulkareem@chu.edu.iq

م.م. ئارام كريم أحمد
كُلِّيَّةُ التَّرْبِيَةِ / جَامِعَةُ جَرْمُو
aram.karim@chu.edu.iq

م.م. جوهر جمعه على
كُلِّيَّةُ العُلُومِ / جَامِعَةُ جَرْمُو
jawhar.jumaa@chu.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: تَحَدِّيَاتُ وصعوبات التَّعْلِيمِ، التَّرْبِيَةُ الخَاصَّةِ، الأَطْفَالُ ذَوُو الاِحْتِيَاجَاتِ الخَاصَّةِ، مُعَلِّمُو التَّرْبِيَةِ الخَاصَّةِ.

**كيفية اقتباس البحث**

محمد ، عماد عبد الكريم ، ئارام كريم أحمد, جوهر جمعه على ، تَحَدِّيَاتُ وَعقَبَاتُ تَعْلِيمِ الأَطْفَالِ ذَوِي الاِحْتِيَاجَاتِ الخَاصَّةِ مِنْ وِجْهَةِ نَظَرِ مُعَلِّمِي التَّرْبِيَةِ الخَاصَّةِ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

# Challenges and Obstacles in Teaching Children with Special Needs: The Perspectives of Special Education Teachers

Assistant lecturer .Emad Abdulkareem Mohammed
Faculty of Education /charmo University
emad.abdulkareem@chu.edu.iq

Assistant lecturer .Aram Karim Ahmad
Faculty of Education /charmo University
aram.karim@chu.edu.iq

- Assistant lecturer .Jawhar Jumaa Ali
Faculty of sciences/charmo University
jawhar.jumaa@chu.edu.iq

**Keywords** : Educational Challenges, Special Education, Children with Special Needs, Special Education Teachers.

**How To Cite This Article**
Mohammed , Emad Abdulkareem , Aram Karim Ahmad ,Jawhar Jumaa Ali ,Challenges and Obstacles in Teaching Children with Special Needs: The Perspectives of Special Education Teachers ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
This study highlights the challenges and barriers faced by special education teachers while teaching and interacting with children with special needs in primary schools, which directly impact the students' academic and behavioral performance.

**Objective:** The research aimed to identify the problems encountered by teachers based on variables such as (gender, years of service, and geographic location). The researchers employed a Descriptive Approach due to its suitability for the nature of the study.

**Methodology & Tools:** A random sample of (38) special education teachers was selected from Sulaymaniyah Governorate and its surrounding areas. The researchers developed a specific scale for challenges consisting of (56) items. After ensuring high levels of Validity, Reliability, and discriminative power, the questionnaire was administered.

**Key Findings:**

- There were statistically significant differences in all five domains of the research.
- The level of perception and awareness regarding the challenges was high among the teachers.
- No significant differences were found among teachers based on gender, geographic location, or years of service.

¶ **Conclusion:** Finally, the study proposed a set of scientific recommendations and suggestions to improve the relationship between (home and family, school, and special education teachers) to ensure the efficiency and success of the educational process.

**مُلَخَّصُ البَحْثِ**

هَذِهِ الدِّرَاسَةُ تُسَلِّطُ الضَّوْءَ عَلَى التَّحَدِّيَاتِ وَالعَقَبَاتِ الَّتِي تُوَاجِهُ مُعَلِّمِي التَّرْبِيَةِ الخَاصَّةِ أَثْنَاءَ عَمَلِيَّةِ التَّعْلِيمِ وَالتَّعَامُلِ مَعَ الأَطْفَالِ ذَوِي الاِحْتِيَاجَاتِ الخَاصَّةِ فِي المَدَارِسِ الاِبْتِدَائِيَّةِ، وَالَّتِي تُؤَثِّرُ بِشَكْلٍ مُبَاشِرٍ عَلَى المُسْتَوَى العِلْمِيِّ وَالسُّلُوكِيِّ لِهَؤُلَاءِ التَّلَامِيذِ.

**هَدَفُ البَحْثِ:** سَعَى البَحْثُ إِلَى تَحْدِيدِ المُشْكِلَاتِ الَّتِي تُوَاجِهُ المُعَلِّمِينَ وَفْقاً لِمُتَغَيِّرَاتِ (الجِنْسِ، سَنَوَاتِ الخِدْمَةِ، وَالمَوْقِعِ الجُغْرَافِيِّ). اعْتَمَدَ البَاحِثُونَ المَنْهَجَ الوَصْفِيَّ ( Descriptive Approach) لِمُلَاءَمَتِهِ مع طَبِيعَةِ البَحْثِ.

**عَيِّنَةُ وَأَدَاةُ البَحْثِ:** اخْتِرت عَيِّنَةُ البَحْثِ بِالطَّرِيقَةِ العَشْوَائِيَّةِ مِنْ (٣٨) مُعَلِّماً وَمُعَلِّمَةً لِلتَّرْبِيَةِ الخَاصَّةِ فِي مُحَافَظَةِ السُّلَيْمَانِيَّةِ وَضَوَاحِيهَا. أَعَدَّ البَاحِثُونَ مِقْيَاساً خَاصّاً لِلتَّحَدِّيَاتِ وصعوبات يَتَكَوَّنُ مِنْ (٥٦) فَقْرَةً؛ وَبَعْدَ التَّأَكُّدِ مِنَ الصِّدْقِ (Validity) وَالثَّبَاتِ (Reliability) وَالقُوَّةِ التَّمْيِيزِيَّةِ لِلْفَقَرَاتِ، وَالَّتِي كَانَتْ بِمُسْتَوَى عَالٍ، وثم تَمَّ تَطْبِيقُ الاِسْتِبْيَانِ.

**أَهَمُّ النَّتَائِجِ:**

- وُجُودُ فُرُوقٍ ذَاتِ دَلَالَةٍ إِحْصَائِيَّةٍ فِي جَمِيعِ مَحَاوِرِ البَحْثِ الخَمْسَةِ.
- مُسْتَوَى الإِدْرَاكِ وَالشُّعُورِ بِالمُشْكِلَاتِ لَدَى المُعَلِّمِينَ كَانَ بِمُسْتَوَى عَالٍ.

- عَدَمُ وُجُودِ فُرُوقٍ ذَاتِ دَلَالَةٍ إِحْصَائِيَّةٍ كَبِيرَةٍ بَيْنَ المُعَلِّمِينَ بِنَاءً عَلَى مُتَغَيِّرَاتِ (الجِنْسِ، المَوْقِعِ الجُغْرَافِيِّ، وَسَنَوَاتِ الخِدْمَةِ).

**التَّوْصِيَاتُ:** فِي الخِتَامِ، قَدَّمَتِ الدِّرَاسَةُ مَجْمُوعَةً مِنَ التَّوْصِيَاتِ وَالمُقْتَرَحَاتِ العِلْمِيَّةِ لِتَحْسِينِ العَلَاقَةِ بَيْنَ (البَيْتِ وَالأُسْرَةِ، المَدْرَسَةِ، وَمُعَلِّمِ التَّرْبِيَةِ الخَاصَّةِ) بِهَدَفِ إِنْجَاحِ العَمَلِيَّةِ التَّرْبَوِيَّةِ وَالتَّعْلِيمِيَّةِ بِكَفَاءَةٍ.

## (بەربەست و ئاستەنگەکانی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە)

تویژەران :

- عماد عبدالكريم محمد(مامۆستای یاریدەدەر)
- کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی چەرمو
- emad.abdulkareem@chu.edu.iq

- ئارام كريم أحمد (مامۆستای یاریدەدەر)
- کۆلیژی پەروەردە/ زانکۆی چەرمو
- aram.karim@chu.edu.iq

- جوهر جمعه على (مامۆستای یاریدەدەر)
- کۆلێژی زانست/ زانکۆی چەرمو
- jawhar.jumaa@chu.edu.iq

**پوختەی تویژینەوە (Abstract)**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە لە کاتی فێکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاستی زانستی و ڕەفتاریی قوتابیان هەیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە** :بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبنەوە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، و شوێنی جوگرافی). توێژەران ڕێبازی

وەسفییان (Descriptive Approach) بەکارهێناوە بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی بابەتەکەدا.

**نموونە و ئامرازی توێژینەوە** :نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە (٣٨) مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری هەڵبژێردرا. توێژەران پێوەرێکی تایبەتیان بۆ ئاستەنگەکان ئامادە کرد کە لە (٥٦) برگە پێکهاتبوو؛ دوای دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی (Validity) و جێگیری (Reliability) و هێزی جیاکردنەوەی برگەکان، کە لە ئاستێکی بەرزدا بوون.

**گرنگترین ئەنجامەکان:**

- بوونی جیاوازیی ئاماریی مانادار لە هەر پێنج تەوەرەکەی توێژینەوەکەدا.
- ئاستی درککردن و هەستکردن بە گرفتەکان لای مامۆستایان لە ئاستێکی بەرزدایە.
- هیچ جیاوازییەکی زۆر (مانادار) لە نێوان مامۆستایان بەپێی ڕەگەز، سنووری جوگرافی، و ساڵانی خزمەت بەدی نەکرا.

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیاری زانستی خستە ڕوو بۆ باشترکردنی پەیوەندیی نێوان (ماڵ وخێزان ، قوتابخانە، و مامۆستای پەروەردەی تایبەت) بە مەبەستی سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەکی کارا.

**وشە کلیلەکان** :ئاستەنگەکانی فێرکردن، پەروەردەی تایبەت، منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت.

**پێشەکی (Introduction)**

پەروەردە وەک یەکێک لە گرنگترین کۆڵەکەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک سەیردەکرێت ،فێربوون  مافێکی بنەڕەتیی هەموو تاکێکە بەبێ گوێدانە جیاوازییە جەستەیی، هزری، کۆمەڵایەتی، سۆزدارییە . هەر لەم سۆنگەیەوە، فەلسەفەی "پەروەردە بۆ هەمووان" ( Education for All) بووەتە دروشمێکی جیهانی کە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک یونسکۆوە پاڵپشتی دەکرێت و جەخت لەسەر دابینکردنی دەرفەتی فێربوونی یەکسان و گشتگیر بۆ هەموو منداڵان دەکاتەوە (UNESCO, 2017). لە نێو ئەم  چوارچێوەدا پەروەردەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (Special Needs Education) گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەهاکانی دادپەروەری، یەکسانی، و ڕێزگرتن لە جیاوازیەکانی  مرۆڤ. سەرکەوتنی ئەم بوارە نەک تەنها پێوەرێکە بۆ پێشکەوتنی سیستەمی پەروەردەیی، بەڵکو ئاوێنەی شارستانیەتی و مرۆڤدۆستیی هەر نەتەوەیەکیشە.

منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو گروپەن کە بەهۆی کێشەی جەستەیی، هەستیاری، هزری، سۆزداری، یان کێشەکانی فێربوونەوە، پێویستیان بە شێوازێکی فێرکردنی جیاواز و گونجاو هەیە کە لەگەڵ تواناکانیاندا یەك بگرێتەوە . منداڵانی خاوەن پێدوایستی تایبەت چەند گروپێك دەگرێتەوە ،لەوانە لە کێشە سادەکانی فێربوونەوە (وەک دیسلێکسیا) تا دەگاتە کەمئەندامیی ئاڵۆزی وەک ئۆتیزم یان ناتەواوی هزری دواکەوتنی ژیری دەگرێتەوە ( Heward, 2013). بۆ وەڵامدانەوە و فێرکردنی ئەم گروپەجیاوازانە "پەروەردەی تایبەت" وەک بوارێکی پسپۆڕی سەری هەڵداوە کە ئامانجی سەرەکی بریتییە لە دارشتنی پلان و ستراتیژی فێرکردنی تاکەکەسی (Individualized Education Program – IEP) بۆ هەر فێرخوازێک، تاوەکو بتوانن بگەنە ئەوپەڕی تواناکانی خۆیان و بەشدارییەکی کار ای کۆمەڵگە کەیان بن .

لەم هاوکێشە پەروەردەییەدا، مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ڕۆڵی قورس و سەخت دەگێڕن. ئەوان تەنها گەیەنەری زانیاری نین، بەڵکو پردی پەیوەندین لە نێوان فێرخواز، خێزان، قوتابخانە، و کۆمەڵگەدا. ئەوانن کە بابەتە پەروەردەییەکان لەسەر کاغەزەوە دەکەنە واقیعێکی زیندوو لەناو پۆلدا. سەرکەوتنی هەر بەرنامەیەکی پەروەردەی تایبەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەندە بە لێهاتوویی، پابەندبوون، و خۆڕاگریی ئەم مامۆستایانەوە. بەبێ مامۆستایەکی ڕاهێنراو، خاوەن ورە، و لێهاتوو ،پاڵپشتی کراو ، باشترین پرۆگرامەکانیش ناتوانن ئامانجەکانیان بپێکن. وەک (Darling-Hammond, 2000) ئاماژەی پێدەکات، کوالێتی مامۆستا بەهێزترین فاکتەری ناو قوتابخانەیە کە کاریگەری لەسەر دەستکەوتی فێربوونی فێرخوازان هەیە. ئەم ڕاستییە لە بواری پەروەردەی تایبەتدا چەندین هێندە گرنگترە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییە ئاڵۆزەکان پێویستی بە شارەزایی و تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە.

### کێشەی توێژینەوە(Research Problem)

پەروەردەکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ، کە ئامانج لێی دابینکردنی دەرفەتی یەکسانە بۆ گەشەکردن و فێربوونی هەموو تاکێکە بەبێ جیاوازی (UNESCO, 2017). لەم چوارچێوەیەدا، مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بە بزوێنەری سەرەکی ئەم پرۆسەیە دادەنرێن، چونکە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە لە گۆڕینی سیاسەتە پەروەردەییەکان گۆڕینیان بۆ فێرکردنی بەرجەستە لەناو پۆلدا. سەرکەوتنی سیستەمی پەروەردەی تایبەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە توانایی، ئامادەیی، و کارایی ئەو مامۆستایانەی کە ڕۆژانە لەگەڵ ئەم منداڵانەدا کار دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی گرنگیی ڕۆڵی مامۆستایان لە ئاستی جیهانیدا جەختی لێ کراوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ئەم توێژە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست و ئاستەنگی جۆراوجۆر دەبنەوە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کوالێتی فێرکردن و باری دەروونی خۆیان دادەنێت. ئەم بەربەستانە فرەڕەهەندن و بوارەکانی وەک ڕاهێنانی پیشەیی، ژینگەی کار، کەرەستە فێرکارییەکان، و پشتیوانیی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی دەگرنەوە. بۆ نموونە، توێژینەوەکەی (Avramidis & Norwich, 2002) دەری خستووە کە نەبوونی ڕاهێنانی پێشوەختە و بەردەوام یەکێکە لە گەورەترین ئەو ڕێگریانەی کە وا دەکات مامۆستایان هەست بە ناکارایی بکەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییە جیاوازەکانی فێرخوازاندا. کاتێک مامۆستا هەست بکات ئامادەکاریی پێویستی نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتە ئاڵۆزەکان، نەک تەنها کوالێتی فێرکردن دادەبەزێت، بەڵکو ئەگەری تووشبوونی بە فشار و ماندووبوونی دەروونی پیشەیی (burnout) زیاد دەکات (Forlin, 2010).

لەلایەکی دیکەوە، ژینگەی فیزیکی و کەرەستە فێرکارییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. سیستەمێکی پەروەردەیی سەرکەوتوو پێویستی بە دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو و کەرەستەی هاوچەرخ هەیە کە لەگەڵ پێداویستیی منداڵاندا بگونجێت. بەڵام لە ڕاستی دا ، زۆرێک لە قوتابخانەکان، بەتایبەت لە وڵاتانی گەشەسەندوو یان ناوچە دوورەدەستەکان، کێشەی کەمیی کەرەستەی فێرکاری و تەکنەلۆژیای گونجاویان هەیە (Engelbrecht et al., 2003). ئەمەش ئەرکی مامۆستا قورستر دەکات و وای لێ دەکات نەتوانێت ستراتیژییە نوێیەکانی فێرکردن بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکات.

جگە لەمانە، پشتیوانیی کارگێڕی و هاوکاریی نێوان قوتابخانە و خێزان دوو فاکتەری دیکەی یەکلاکەرەوەن. مامۆستایان پێویستیان بە پشتیوانیی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی هەیە بۆ ئەوەی هەست بە دڵنیایی و هاندان بکەن. کاتێک ئەم پشتیوانییە لاواز بێت، مامۆستا هەست بە تەنهایی و بێهیوایی دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکاندا. هاوکات، پەیوەندییەکی لاواز لەگەڵ دایک و باوکی فێرخوازاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییی لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربوونی منداڵەکە دەبێت (Blue-Banning et al., 2004).

لە هەرێمی کوردستاندا، هەرچەندە هەنگاوی باش نراوە بۆ گرنگیدان بە پەروەردەی تایبەت، بەڵام تا ئێستا توێژینەوەی ئەکادیمیی ورد و سیستماتیک کەمە کە بە شێوەیەکی تایبەت لە ڕوانگەی خودی مامۆستایانەوە لە بەربەست و ئاستەنگەکانیان بکۆڵێتەوە دەگمەنە . زۆربەی

زانیارییەکان گشتین و پشت بە ئەزموونی تاکەکەسی دەبەستن، نەک داتا و شیکاری ئێماری ورد وزانستی . بۆیە بۆشاییەکی زانستی لەم بوارەدا بوونی هەیە. ئایا ئەو بەربەستانەی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە کوردستان ڕووبەڕووی دەبنەوە چین؟ ئایا ئەم بەربەستانە بەپێی گۆڕاوی دیمۆگرافی (وەک ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، و شوێنی جوگرافی—شار و لادێ) جیاوازییان هەیە؟

لە هەرێمی کوردستاندا، وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی جیهانی، گرنگیدان بەم بوارە لە گەشەکردندایە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، واقیعی کارکردنی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت پڕە لە ئاڵنگاری و گرفت . بۆیە ئەم توێژینەوەیە ی بەردەست هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لە ڕێگەی ناساندن و شیکردنەوەی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە لە هەرێمی کوردستاندا.
لەسەر بنەمای ئەم بۆشاییە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە لە ڕێگەی:

١. دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە لە پرۆسەی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا.
٢. شیکردنەوەی جیاوازیی ئەم بەربەستانە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، و شوێنی کارکردن).

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی گونجاوتر کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی ئەم بەربەستانە و باشترکردنی کوالێتی پەروەردەی تایبەت بێت لە هەرێمی کوردستان.

**ئامانجەکانی توێژینەوە (Research Objectives)**

١. **دەستنیشانکردنی ئاستەنگە گشتییەکان:** ناسین و دەستنیشانکردنی ئەو بەربەست و ئاستەنگە سەرەکییانەی (پەروەردەیی، کارگێڕی، مادی و دەروونی) کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە لە کاتی مامەڵەکردن و فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا بەشێوەیەکی گشتی .

٢. **دیاریکردنی جیاوازییەکان بەپێی ڕەگەز:** ناسین و بەراوردکردنی جیاوازییەکان لە ئاستی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبنەوە بەپێی گۆڕاوی **ڕەگەز (نێر و مێ)**، بۆ زانینی ئەوەی کام ڕەگەز زیاتر ڕووبەڕووی فشار و گرفتەکان دەبێتەوە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٣. **بەراوردکردنی گرفتەکان بەپێی شوێنی جوگرافی:** دەرخستنی جیاوازیی نێوان ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە ڕێی مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی **شوێنی جوگرافی (سەنتەری پارێزگا، شارۆچکە و ناحیەکان)**، بە مەبەستی زانینی کاریگەریی ژینگەی دەوروبەر و دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لەسەر پرۆسەی فێرکردندا.

٤. **زانینی کاریگەریی ساڵانی خزمەت:** ئاشکراکردنی جیاوازیی تێڕوانینی مامۆستایان بۆ بەربەستەکانی فێرکردن بەپێی گۆڕاوی **ساڵانی خزمەت**، بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا ئەزموونی زیاتر یارمەتیدەرە لە تێپەڕاندنی گرفتەکان یان بەپێچەوانەوە .

**گریمانەکانی توێژینەوە :(Research hypotheses )**

١- **جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی (٠,٠٥ )بوونی نییە لە نێوان قەبارەی کاریگەریی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە، لە ڕوانگە ی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە بەشێوەیەکی گشتی .**

٢- **جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی (٠,٠٥ )بوونی نییە لە نێوان قەبارەی کاریگەریی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە، لە ڕوانگە ی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە** بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

٣- **جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی (٠,٠٥ )بوونی نییە لە نێوان قەبارەی کاریگەریی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە، لە ڕوانگە ی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە** بەپێی گۆڕاوی سنوری جوگرافی (سەنتەری شار و دەروبەری ).

٤- " **جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی (٠,٠٥ )بوونی نییە لە نێوان قەبارەی کاریگەریی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە، لە ڕوانگە ی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە** بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەتکردن (کەمتر لە٢ ساڵ یاخود زیاتر لە ٢ ساڵ ).

## گرنگیی توێژینەوە

مامۆستا یەکێکە لە گرنگترین و پێویست ترین ئەندامانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە دوای فێرخوازان. ئەمڕۆ مامۆستا ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر و هەمەچەشن دەبێتەوە. ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کارکەرانی بواری پەروەردە دەبنەوە، بێ گومان کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاستی کارکردنیان دەبێت. ئەگەر ئەم ئاستەنگانە کاریگەریان لەسەر مامۆستای پۆلی ئاسایی بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەنجامەکانی خراپتر دەبێت ئەگەر ڕوبەڕوی مامۆستای

پەروەردەی تایبەت ببێتەوە ، چونکە شێوازی کارکردنی ئەمان پێویستی بە هەوڵێکی زیاتر و شارەزایەکی زۆر تری دەوێ ،وەهەروەها ئارامگری و خۆڕاگریی زیاتر، وە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی و ئاستەنگە جیاوازەکان هەبێت.

**یەکەم: گرنگی تیۆری(Theoretical Significance)**

- **دەوڵەمەندکردنی سەرچاوە زانستییەکان** :ئەم توێژینەوەیە بە سەرچاوەیەکی زانستی نوێ بۆ کتێبخانەی کوردی و بواری پەروەردەی تایبەت دادەنرێت، بەتایبەت کە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا لە کوردستاندا هێشتا لە گەشەدایە.
- **تێگەیشتن لە چەمکەکان** :یارمەتیدەرە بۆ قووڵبوونەوە لە چەمکی "بەربەستەکانی فێرکردن" و ناساندنی ئەو ئاستەنگە نوێیانەی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا سەرهەڵبدەن.
- **بناغەیە بۆ توێژینەوەی زیاتر** :دەرەنجامە تیۆرییەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبنە نەخشەڕێگایەک بۆ توێژەرانی داهاتوو تاوەکو لە گۆشەنیگای جیاوازترەوە (وەک دیدگای دایکوباوکان یان کارگێری قوتابخانەکان) توێژینەوەی دیکە ئەنجام بدەن .

**دووەم: گرنگی پراکتیکی(Practical Significance)**

- **بۆ وەزارەتی پەروەردە و بڕیاربەدەستان** :دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە وێنەیەکی ڕوون دەداتە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی بزانن کێشە سەرەکییەکان لە کوێدان (ئایا لە پرۆگرامە، لە بینایە، یان لە کەمیی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان).
- **بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت** :یارمەتی مامۆستایان دەدات ئەو ئاستەنگانە دەستنیشان بکەن کە هاوپیشەکانیان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینەوەی ئەزموون و دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی خاوە ن پێداویستی تایبەت .
- **باشترکردنی ژینگەی فێربوون** :کاتێک بەربەستەکان دیاری دەکرێن، دەتوانرێت کار بکرێت بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبارتر و مرۆڤانەتر بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە ئەمەش مافێکی سەرەتایی ئەوانە.
- **داڕشتنی پلانی ڕاهێنان** :ئەم توێژینەوەیە پێشنیاز دەخاتە ڕوو بۆ ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانی کاریگەر بۆ مامۆستایان، بە جۆرێک کە تیشک بخاتە سەر ئەو خاڵە لاوازانەی کە مامۆستایان لە کاتی پرۆسەی فێرکردندا هەستی پێدەکەن و ڕووبەڕویان دەبێتەوە .

**سنوری توێژینەوە: (Research Limits/Boundaries)**

**١. سنووری بابەتی (Subject Boundary)**

"ئەم توێژینەوەیە تەنها لێکۆڵینەوە لەو ئاستەنگ و بەربەستانە دەکات که ڕووبەڕووی پرۆسەی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە لەڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە.

**٢. سنووری مرۆیی (Human Boundary)**

"پێکدێت لە مامۆستایانی (ژن و پیاو) کە لە قوتابخانە و سەنتەرەکانی پەروەردەی تایبەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی کار دەکەن."

**٣. سنووری شوێنی (Spatial Boundary)**

"ئەم توێژینەوەیە لە سنووری جوگرافی پارێزگای سلێمانی (سەنتەری شار، قەزا و ناحیەکان) ئەنجام درا.

**٤. سنووری کاتی (Temporal Boundary)**

"ماوەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە نێوان ساڵانی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥) دایە."

**پێناسەی چەمك و زاراوەکان (Definition of Concepts and Terms)**

١.پێناسەی بەربەست و ڕێگرییەکان(Barriers and Obstacles)

(الروسان،٢٠١٤،لا٨٢)پێناسەی دەکات بە " کۆمەڵێک لەو گرفت و کێشە (مادی، مرۆیی ،ژینگە )یانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی کارای پرۆگرامە پەروەردەییەکان، وە دەبنە هۆی بەدی نەهاتنی ئەو ئامانجانەی کە لە فێرکردنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا مەبەستن، ئەمەش وا دەخوازێت کە جێگرەوە یان چارەسەری گونجاو بۆ تێپەڕاندنیان بدۆزرێتەوە.

پێناسەی کرداری توێژەر :(Procedural Definition)

پێناسەی کارپێکراو :مەبەست لە بەربەست و ڕێگرییەکان لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لەو کۆسپ و تەگەرە (ژینگەیی، پرۆگرامی، کۆمەڵایەتی، و ماددییانە)ی کە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە پارێزگای سلێمانی لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەکەوە ئاماژەیان پێداوە، کە دەبنە هۆی خاوکردنەوەی پرۆسەی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**٢. پێناسەی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (Teaching Children with Special Needs)**

**(کوافحة، تیسیر؛ وعبد العزیز، عمر فواز ،٢٠١١،لا٢٥)**بریتیەلە جۆرێک لە فێربوونی ڕێکخراو و پلان بۆ دارێژراو، کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پرۆگرامە پەروەردەیی، دەروونی وخزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. ئامانجی هاوکاریکردنی ئەو منداڵانەیە کە ڕووبەڕووی

گرفتی (هەستی، ژیری، سۆزداری، یان جەستەیی) دەبنەوە، ئەمەش لە ڕێگەی گونجاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ئامرازە فێرکارییەکان بە جۆرێک کە لەگەڵ تواناکان و پێداویستییە تاکەکسییەکانی ئەواندا بگونجێت".

**پێناسەی کرداریی توێژەر: (Procedural Definition)**

"مەبەست لە فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەم توێژینەوەیەدا؛ بریتییە لەو پرۆسە پەروەردەیی و فێرکارییەی کە مامۆستایانی پسپۆڕ لە ژوورەکانی سەرچاوە (Resource Rooms)و پۆلە تایبەت و گشتییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی ئەنجامی دەدەن، بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری و بەهرەکان بەو منداڵانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاستەنگانەی کە لە ژینگەی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە.

**٣. پێناسەی مامۆستای پەروەردەی تایبەت(Special Education Teacher)**

**(الحويطي، ٢٠١٦ ،ل٤٤)** مامۆستای پەروەردەی تایبەت ئەو کەسەیە کە لە ڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە شیاو ە و خاوەن بڕوانامەی تایبەتە ، وە بەرپرسیارێتی فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەگرێتە ئەستۆ. ئەم کەسە خاوەنی بەهرەی تایبەتمەندە لە بەکارهێنانی ڕێگاکانی دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندن، و ئامادەکردنی پلانی پەروەردەیی تاکەکسی، و جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە بە جۆرێک کە لەگەڵ سروشتی کەمئەندامی یان گرفتی فێربوونی قوتابییەکەدا دە گونجێت".

**پێناسەی کرداریی توێژەر: (Procedural Definition)**

"مەبەست لە مامۆستای پەروەردەی تایبەت لەم توێژینەوەیەدا؛ بریتییە لەو مامۆستا (ژن و پیاوانە)ی کە لە میلاکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە قوتابخانە و سەنتەرەکانی پەروەردەی تایبەتی سنووری پارێزگای سلێمانی لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥دا ئەرکی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتیان لەسەر شانە، و وەڵامی فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیەیان داوەتەوە".

بەشی دووەم

**یەکەم / ڕێگرییەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت**

بەپێی سەرچاوە زانستیەکان و تویژینەوەکانی پێشوو ، گرنگترین ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبنەوە بریتین لە( :السرطاوي واخرون ،٢٠٠٩،ل٤٥-٦٠ )

١.**کەمیی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پیشەیی:** زۆرێک لە مامۆستایان هەست دەکەن کە ڕاهێنانی پێویستیان پێنەکراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت،

بەتایبەت حاڵەتە ئاڵۆزەکانی وەك (دواکەوتنی ژیری و ئاستەنگەکانی فێربوون )( السرطاوي واخرون ،٢٠٠٩،لا٤٥-٦٠ )

٢.**نەبوونی پشتیوانی کارگێری بەهێز** : نەبوونی پشتیوانی پێویست لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیارانەوە، چ لە ڕووی دابینکردنی کەرەستە و چ لە ڕووی ئاراستەکردن وڕێنمای کردنەوە .( السرطاوي واخرون ،٢٠٠٩،لا٤٥-٦٠ )

٣.**قەبارەی کردنەوەی پۆل وانەی جیاواز و کەمیی مامۆستا:** زۆرجار ژمارەی فێرخوازان لە پۆلێکدا زۆرە (منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت )بە بەراورد بە ژمارەی مامۆستایان، ئەمەش وادەکات مامۆستا نەتوانێت بە شێوەیەکی تاکەکەسی ئاگاداری هەموو فێرخوازێک بێت . (السرطاوي واخرون ،٢٠٠٩،لا٤٥-٦٠ )

٤. **کەمیی کەرەستە و تەکنەلۆژیای فێرکاری:** نەبوونی ئامێر و کەرەستەی فێرکاری مۆدێرن کە یارمەتیدەر بێت لە گەیاندنی زانیاری بە شێوەیەکی کاریگەرتر وەکو (سمارت بۆردی زیرەك و کۆمپیتەری تایبەت و بژمێری دەنگی، ئامێری براێل بۆ نابینایان یان بەرنامەی دەنگی). (السرطاوي واخرون ،٢٠٠٩،لا٤٥-٦٠ )

٥. **نەبوونی هاوکاری لەگەڵ خێزان:** هەندێک جار خێزانەکان بە شێوەیەکی چالاک و کارا بەشداری لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیاندا ناکەن. زۆرجار خێزانەکان بەهۆی باری دەروونی یان کەمی زانیاری، هاوکاری مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ناکەن لە جێبەجێکردنی پلانی پەروەردەیی تاکەکەسی (IEP). (علي،٢٠١٢،لا٨٨ )

٦. **فشاری دەروونی و پیشەیی (سوتانی دەروونی )** مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتی جیاوازو تاقەت پڕ وکێن و فشاری زۆری کارکردن دەبێتە هۆی ماندووبوون و شەکەتیی پیشەیی بۆ مامۆستایان و دابەزینی کوالێتی کارکردنیان . (علي،٢٠١٢،لا٨٨ )

٧.**نەگونجاوی بینای قوتابخانەکان:** زۆربەی قوتابخانەکان لە ڕووی ئەندازیارییەوە بۆ هاتوچۆی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دیزاین نەکراون.بەتایبەت ئەوانەی گرفتی (جەستەییان هەیە ) (نوري و خليل،٢٠١٥،لا ١١٥-١٢٨)

٨.**کەمی خولی ڕاهێنانی بەردەوام:** مامۆستایان پێویستیان بە ئاشنابوون هەیە بە نوێترین ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت . (نوري و خليل،٢٠١٥،لا ١١٥-١٢٨)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**٩.تێروانینی نەرێنی کۆمەڵگە و هەندێك لەمامۆستایانی پۆلی ئاسایی** : بوونی تێروانینێکی نەرێنی یان بەزەیی پیاهاتنەوە لەبری مامەڵەی زانستی، کاریگەری لەسەر ورەی قوتابی و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دادەنێت. (نوري و خليل،٢٠١٥،لا ١١٥-١٢٨)

**دووەم / گروپەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە لە چوارچێوەی خوێندنی گشتی دان**

بە شێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێك لە گروپەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەتوانن سودمەند بن لە خوێندنی گشتی و لەگەڵ قوتابیانی ئاسای دا بەردەوامی بەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بدەن بەپاڵپشتی خێزانەکانیان و لەژێر سەرپەرشتی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتدا وە ئەم گروپان پێك دێن لە:

- ئاستەنگەکانی فێربوون :(Specific Learning Disabilities) وەک دیسلێکسیا و دیسگرافیاو دیسکەلکۆلیا .

زاراوەی ئاستەنگی فێربوون (Learning Disabilities – صعوبات التعلم) لە ڕووی زانستییەوە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک تێکچوون کە کاردەکەنە سەر توانای مرۆڤ لە وەرگرتنی زانیاری، پرۆسێسکردنی، یان دەربڕینی. ئەم کەسانە ئاستی ژیریيان (IQ) لەئاستێکی ئاسایی یان لە سەرووی ئاساییە دایە ، بەڵام کێشەیان لە بوارەکانی (خوێندنەوە، نووسین، یان بیرکاری) هەیە.

**پێناسەی زانستی:**

"زاراوەی ئاستەنگی فێربوون گوزارشتە لە تێکچوون لە یەکێک یان زیاتر لەو پرۆسە دەروونییە بنەڕەتییانەی کە تێگەیشتن یان بەکارهێنانی زمانی نووسراو یان زارەکی لەخۆدەگرێت، کە دەبێتە هۆی لاوازی لە توانای بیستن، بیرکردنەوە، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین، یان ئەنجامدانی کرداره بیرکارییەکان، بە مەرجێک هۆکارەکەی پەککەوتەیی ژیری،یان پەککەوتەی هەستی، نەبێت .

(الروسان،٢٠١٤،لا١٥٣)

- شڵەژانی زمان و قسەکردن :(Speech or Language Impairments)کێشە لە دەربڕین یان تێگەیشتنی زمان.

ئەم جۆرە ئاستەنگییە (اضطرابات النطق واللغة) یەکێکە لە بەربڵاوترین جۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ناو پۆلەکاندا. لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە، ئەم کێشەیە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەکرێت بۆ ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ئاسانتر بێت:

**١.کێشەکانی قسەکردن (اضطرابات النطق أو الكلام – Speech Impairments)**

ئەمەیان پەیوەندی بە لایەنی فیزیکی و دەرکردنی دەنگەکانەوە هەیە. کەسەکە دەزانێت دەیەوێت چی بڵێت، بەڵام کێشەی لە گەیاندنیدا هەیە. باوترین جۆرەکانی بریتین لە:

- **تێکچوونی دەرکردنی پیتەکان:** وەک گۆڕینی پیتێک بە پیتێکی تر، یان قوتدانی پیتێک لە کاتی قسەکردندا.
- **زمانگرتن (التأتأة):** پچڕانی لێشاوی (بەردەوامی ) قسەکردن یان دووبارەکردنەوەی بڕگەیەک.
- **کێشەکانی دەنگ:** نائاسایی بوونی تۆنی دەنگ، وەک زۆر گڕی یان زۆر بەرزی دەنگ کە لەگەڵ تەمەن و ڕەگەزی کەسەکەدا ناگونجێت.

**٢. کێشەکانی زمان (اضطرابات اللغة – Language Impairments)**

ئەمەیان کێشەیە لە سیستەمی زمانەکە خۆیدا (لە مێشکدا)، نەک لە ئەندامەکانی قسەکردندا. کەسەکە کێشەی لە کۆدکردن یان شیکردنەوەی زانیارییەکاندا هەیە و دەبێتە دوو جۆرەوە:

- **کێشەی وەرگرتنی زمان (اللغة الاستقبالية):** قوتابییەکە کێشەی هەیە لە تێگەیشتن لەو قسانەی پێی دەوترێت یان تێگەیشتن لە ڕێنماییەکانی مامۆستا.
- **کێشەی دەربڕینی زمان (اللغة التعبيرية):** قوتابییەکە کێشەی هەیە لە داڕشتنی ڕستە، دانانی وشەکان لە شوێنی خۆیان، یان دەربڕینی بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی ڕوون. **(الزريقات ، ٢٠٠٥،ل٢٥٧)**

هێواش فێربوو – **خاو فێربوو (بطيء التعلم – Slow Learner)**

لە ڕووی پەروەردەیی و دەروونییەوە، زۆر گرنگە جیاوازی بکرێت لە نێوان "خاو فێربوو" و "پەککەوتەیی ژیری" (کە پێشتر پێی دەگوترا دواکەوتنی عەقڵی). ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ ئەو منداڵانەی کە ئاستی ژیرییان (IQ) دەکەوێتە نێوان (٧٠ بۆ ٨٩). واتە ئاستی ژیرییان کەمێک لە خوار مامناوەندی ئاساییەوەیە، بەڵام ناگاتە ئاستی پەککەوتەیی ژیری (کە لە خوار ٧٠وەیە).

**گرنگترین تایبەتمەندییەکانیان:**

- **خاوی لە هەموو بابەتەکاندا:** بە پێچەوانەی "ئاستەنگی فێربوون" کە تەنها لە یەک یان دوو بابەت کێشەیان هەیە، خاو فێربووەکان لە زۆربەی بابەتەکانی خوێندندا ئاستیان نزمە و بە خاوی فێر دەبن.
- **ڕەفتاری گونجاندن ئاساییە:** ئەم منداڵانە کێشەی زۆریان نیە لە مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی، و خۆبەڕێوەبردندا ، بەڵکو تەنها لە پرۆسەی ئەکادیمی و خوێندندا پێویستیان بە کات و دووبارەکردنەوەی زیاتر و ئاسانکردنەوەی بابەتەکان هەیە.

- **توانای مانەوە لە پۆلی ئاسایی:** دەتوانن لە پۆلە ئاساییەکاندا بخوێنن، بەڵام پێویستیان بە هاندان، ڕێگای سادەتر، و ئارامییەکی زیاتر هەیە لەلایەن مامۆستاوە.( **كوافحة،٢٠١٠،لا٢٨)**

- شڵەژانی ئۆتیزم :(Autism Spectrum Disorder) کێشە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردندا

لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە، **شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم ( Autism Spectrum Disorder – اضطراب طيف التوحد)** تێکچوونێکی ئاڵۆزی گەشەی دەمارییە کە بە زۆری لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەندا دەردەکەوێت و بە وشەی "شەبەنگ" (Spectrum) ناودەبرێت چونکە نیشانەکان و ئاستی توندییەکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر جیاوازە.

لە ڕووی زانستییەوە، نیشانەکانی ئۆتیزم لەم دوو خاڵە سەرەکییەدا کۆدەکرێنەوە:

- **کەم کوڕی لە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا:** وەک لاوازی لە پەیوەندی چاو ( Eye contact)، تێنەگەیشتن لە زمانی جەستە و هەستی کەسانی تر، وە کێشە لە دروستکردن و پاراستنی پەیوەندی هاوڕێیەتی.
- **ڕەفتار و خولیای دووبارەبووەوە و سنووردار:** وەک دووبارەکردنەوەی هەندێک جووڵەی جەستەیی (وەک ڕاوەشاندنی دەست یان سووڕانەوە)، گرنگیدانی لەڕادەبەدەر بە شتێکی دیاریکراو، یان هەستیارییەکی زۆر (یان کەم) بەرامبەر بە دەنگ، ڕووناکی، و بەرکەوتنی جەستەیی.( **يحيى،٢٠١٤،لا٤٥)**

کەمئەندامی بینین و بیستن بەشی .(Visual and Hearing Impairments)

لە ڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە، ئەم دوو حاڵەتە دەچنە چوارچێوەی **کەمئەندامییە هەستەکییەکانەوە (الإعاقات الحسية)**. کاتێک باس لە کەمئەندامی "بەشی" یان "لاواز" (جزئي/ضعف) دەکرێت، مەبەست لەو کەسانەیە کە بە تەواوی هەستەکەیان لەدەست نەداوە، بەڵکو بەشێک لە توانای بینین یان بیستنیان ماوە کە لە پرۆسەی فێربووندا دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت:

- **کەمئەندامی بینینی بەشی (ضعف البصر – Low Vision):** ئەو قوتابیانەن کە کێشەی بینینیان هەیە و بە چاویلکەی پزیشکی ئاسایی بە تەواوی چارەسەر نابێت، بەڵام هێشتا دەتوانن پشت بە بینین ببەستن بۆ خوێندنەوە و فێربوون، بەو مەرجەی ژینگەی پۆلەکەیان بۆ بگونجێندرێت (بۆ نموونە: گەورەکردنی فۆنتی نووسین، دانیشتن لە ڕیزی پێشەوە، و دابینکردنی ڕووناکی باش،یود بینین لە هەستی دیکە وەك بیستن و بەرکەوتن ).

- **کەمئەندامی بیستنی بەشی (ضعف السمع – Hard of Hearing):** ئەو قوتابیانەن کە کێشەیان لە بیستنی بڕێک لە دەنگەکاندا هەیە (لە ڕووی بەرزی یان لەرەلەری دەنگەوە)، بەڵام توانای بیستنیان هێندە ماوە کە بتوانن لە ڕێگەی گوێگرتنەوە زانیارییە زمانەوانییەکان وەربگرن، ئەمەش زۆرجار بە یارمەتی بەکارهێنانی ئامێری بیستوک (Hearing Aids) دەبێت.سەرە رای بەکارهێنانی زمانی ئاماژە ،خوێندنەوە ی لێو (القريوتي واخرون،٢٠١٢،لا١٩٠)

کەمئەندامی جووڵەیی.(Orthopedic Impairments) یان پەککەوتەی جوڵەی

لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە، **کەمئەندامی جووڵەیی یان پەککەوتەیی جووڵەیی (الإعاقة الحركية – Orthopedic Impairments)** ئاماژەیە بۆ بوونی کێشە یان تێکچوونێک لە سیستەمی ئێسک، جومگەکان، یان ماسولکەکان، کە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی جووڵەی جەستە و کاردەکاتە سەر توانای قوتابی بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە پەروەردەیی و ڕۆژانەکاندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

ئەم جۆرە پەککەوتەییە چەندین حاڵەتی جیاواز لەخۆدەگرێت، لەوانە:

- **ئیفلیجی مێشک (الشلل الدماغي):** تێکچوونێکە لە کۆنترۆڵکردنی ماسولکەکان و هاوسەنگی جەستە بەهۆی زیان گەیشتن بە بەشێکی مێشک.
- **کێشە زگماکییەکان (العيوب الخلقية):** وەک نەبوونی ئەندامێکی جەستە لە کاتی لەدایکبووندا، یان کێشە لە کەڵێنی دڕکەپەتک (الصلب المشقوق).
- **ڕووداو و نەخۆشییەکان:** وەک لەدەستدانی ئەندامێک بەهۆی ڕووداوەوە (البتر – ئەندام بڕینەوە)، یان نەخۆشییە بەردەوامەکانی وەک لاوازبوونی ماسولکەکان (الضمور العضلي).

**تێبینییەکی پەروەردەیی گرنگ:** زۆربەی ئەم قوتابیانە لە ڕووی ژیری و عەقڵییەوە زۆر ئاسایین و هیچ کێشەیەکی تێگەیشتنیان نییە. ئەوان تەنها پێویستیان بە گونجاندنی ژینگەی فیزیکی پۆل و قوتابخانەیە (وەک دروستکردنی ڕێڕەوی تایبەت بە کورسیی خاوەن پێداویستی، مێزی گونجاو، و ئامرازی یارمەتیدەری نووسین) بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی پرۆسەی فێربوون بەڕێ بکەن.(عبيد،٢٠١٠،لا٣٤)

ADHD(کەم سەرنجی و زیادجووڵەیی)

**کەمی سەرنج و فرەجووڵەیی (ADHD – اضطراب نقص الانتباه وفرط النشاط):** تێکچوونێکی گەشەی دەمارییە، قوتابی لێرەدا کێشەی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی ئارەزووەکانی و هێشتنەوەی سەرنجی لەسەر یەک بابەت. سێ نیشانەی سەرەکی هەیە:

- **کەم سەرنجی:** بێئاگابوون لە وردەکارییەکان و زوو لەبیرچوونەوەی ڕێنماییەکان.
- **فرەجووڵەیی:** نەتوانینی دانیشتن لە شوێنی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژ .زۆری جووڵەی بێ مەبەست.
- **پەلەکردن (الاندفاعية):** وەڵامدانەوە پێش تەواوبوونی پرسیار، یان بڕینی قسەی کەسانی تر. (يحيى ،٢٠١٣،ل٦٢)

- **شڵەژانی ڕەفتاری (الاضطرابات السلوكية – Behavioral Disorders):** بریتییە لە شێوازێکی دووبارەبووەوە و بەردەوام لە ڕەفتاری نەرێنی، دژایەتیکردن، یان تێکدەرانە کە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکە ناگونجێت و بەردەوام یاساکانی قوتابخانە و مافەکانی کەسانی تر پێشێل دەکات (وەک تووڕەبوونی لەڕادەبەدەر، ملنەدان بە ڕێنماییەکانی مامۆستا، یان شەڕانگێزی زۆر ) (الزريقات، ٢٠٠٧،ل١٢٠)

**تێبینی پەروەردەیی:** ئەم قوتابیانە پێویستیان بە ژینگەیەکی زۆر ڕێکخراو هەیە، لەگەڵ یاسای ڕوون، پشووی کورت لە نێوان وانەکاندا بۆ بەتاڵکردنەوەی وزەکانیان، وە بەکارهێنانی سیستەمی پاداشت (تعزيز إيجابي) بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتارەکانیان.

### ج. پوختەی توێژینەوە کانی پێشوو

١. توێژینەوەی :(Avramidis & Norwich, 2002) ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستە سەر هەڵوێستی مامۆستایان بەرامبەر بە پەروەردەی گشتگیر .(Inclusive Education) دەرکەوت کە گرنگترین هۆکارەکان بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بریتین لە: ڕاهێنانی پێشوەختەی مامۆستایان، دابینکردنی کەرەستەی پێویست، و پشتیوانی بەردەوام. ئەو مامۆستایانەی کە ڕاهێنانیان پێکرابوو ، هەڵوێستیان ئەرێنیتر بوو.

٢. توێژینەوەی :(Forlin, 2010) ئەم توێژینەوەیە لە ئوستراليا ئەنجامدرا و جەختی لەسەر فشاری دەروونی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت کردەوە. دەرکەوت کە نەبوونی پشتیوانی کارگێڕی و ئاڵۆزیی سەختی بارەکانی (تایبەتمەندیەکانی )فێرخوازانی خاوەن پێداویستی تایبەت دوو هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی فشاری دەروونی و کاری و وازهێنانی مامۆستایان لە پیشەکەیان.

٣. توێژینەوەی :(Engelbrecht et al., 2003) ئەم توێژینەوەیە لە ئەفریقای باشوور ئەنجامدرا و بەراوردی نێوان بەربەست و ئاستەنگیەکانی فێرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کرا لای مامۆستایان لە قوتابخانە شارە کان و لادێییەکاندا. ئەنجامەکان دەریانخست کە

مامۆستایانی ناوچە دوورەدەستەکان(لادێ و ناحیەکان ) ڕووبەڕووی ئاستەنگ و بەربەستی زیاتر دەبنەوە، وەک کەمیی کەرەستە، نەبوونی پسپۆڕی ورد و نەبوونی قوتابخانەی پێوویست زۆری ڕێژەی خویندکاری خاوەن پێداویستای تایبەت ،وەنەبوونی ژووری سەرچاوەکان لەزۆرێك لەقوتابخانەکاندا .

٤. توێژینەوەی (إبراهيم واخرون،٢٠٢١) بە ناونیشانی بەربەستەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکاری لە بواری پەروەردەی تایبەتدا لە ڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت و کارگێڕی قوتابخانە کان و کەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەوە . نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (٤٠) کەس لە مامۆستای نێر و مێی لە پارێزگای (أبو عريش) ئەنجام دراوە .بە ئامانجی دەستنیشانکردنی ئەو ڕێگرانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان لە کاتی وانەوتنەوە بە قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت، و لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە نەبوونی بودجەی پێویست بۆ کڕینی ئامێرەکان، کەمیی ڕاهێنانی تەکنیکی بۆ مامۆستایان، و نەبوونی تاقیگەی تایبەت . گرنگترین ئەو بەربەست و ڕێگرانەن لە بەکارهێنانی کاریگەری تەکنەلۆژیا لەم بوارەدا.

٥. توێژینەوەی (هانی ،٢٠٢٢) ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی "**المعوقات التي تواجه معلمي التربية الخاصة ومعلماتها في ضوء بعض المتغيرات من وجهة نظرهم**"، لەلایەن توێژەر م.د. **عیماد عەبوود هانی** لە **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەربەلا** ئەنجامدراوە و لە مانگی **نیسانی ٢٠٢٢** لە گۆڤاری "الباحث" بڵاوکراوەتەوە؛ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازی **وەسفی (المنهج الوصفي)** بەکارهێناوە .وە پشتی نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە **١٣٩ مامۆستای نێر و مێ** کە بە شێوەی ئامانجدار لە ناو قوتابخانە سەرەتاییەکانی قەزای ناوەندی کەربەلا هەڵبژێردراون، بە ئامانجی **دیاریکردنی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دەبێتەوە لە کاتی کارکردن لەگەڵ قوتابیانی (خاوی فێربوو یان هێواش فێربوو )(بطيئي التعلم)**، و لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە لاوازی ئامادە باشی خێزانەکان بۆ هاوکاری، کەمیی هاندانی ماددی و مەعنەوی بۆ مامۆستایان، و نەگونجاوی ژینگەی پۆلەکان لە دیارترین ئەو هۆکارانەن کە کاریگەری نەرێنییان لەسەر ئاستی فێرکردنی ئەم گروپە هەیە.

6. توێژینەوەی (الفقير و عسيرى ،٢٠٢٣ )ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی "**معوقات التأهيل المهني للأشخاص ذوي الإعاقة الفكرية من وجهة نظر معلمي التربية الخاصة في المرحلة الثانوية بمدينة تبوك**"، **لە سعودیە** لە ساڵی **٢٠٢٣** ئەنجامدراوە؛ توێژینەوەکە **ڕێبازی وەسفی**

بەکارهێناوە و نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە **مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە قۆناغی ئامادەیی**، بە ئامانجی **دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی بەردەم شیاندنی پیشەیی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت (دواکەوتنی هزری)**، و لە ئەنجامدا دیارترین ئەو بەربەستانەی کە خرایە ڕووی بریتین لە گرفت و ئاستەنگی کارگێڕی و ژینگەییەوە کە ڕێگرن لە ئامادەکردنی شیاندنی پیشەیی بۆ ئەو قوتابیانە لە ناوەندەکانی پەروەردەدا.

٧.توێژینەوەی (القحتانی ،٢٠٢٢) بەناونیشانی "**واقع استخدام التعليم الإلكتروني عن بعد لدى معلمي التربية الخاصة بمحافظة جدة في ظل جائحة كورونا**"، سەربە **زانکۆی بیشە لە پارێزگای جەددە** لە ساڵی **٢٠٢٢** ئەنجامدراوە؛ توێژینەوەکە **ڕێبازی وەسفی** بەکارهێناوە نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا بوو لە **مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت**، بە ئامانجی **زانینی بارودۆخی بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنی لە دوورەوە و زانینی بەربەستەکانی لە کاتی پەتای کۆرۆنا**، و لە دەرئەنجامدا دەرکەوتووە کە ئاستی بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنی لەلایەن مامۆستایانەوە بەرزە بە تێکڕای (٤,٢٧)، لەگەڵ دەستنیشانکردنی چەند بەربەستێکی تەکنیکی کە کاریگەریان لەسەر پرۆسەکە هەبووە.

٨. توێژینەوەی (التلاوی ،٢٠٢٣) بە ناونیشانی "**معوقات استخدام التعليم الالكتروني في تدريس طلاب أصحاب الهمم في الحلقة الثالثة من وجهة نظر معلمي التربية الخاصة**"، لە ساڵی **٢٠٢٣** ئەنجامدراوە؛ توێژینەوەکە **ڕێبازی وەسفی** بەکارهێناوە لە ڕێگەی ئامرازی ڕاپرسییەوە لەسەر نموونەیەک لە **مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت**، بە ئامانجی **دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی بەکارهێنانی فێربوونی ئەلیکترۆنی لە وانەوتنەوە بە قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت (أصحاب الهمم) لە قۆناغی سێیەمدا**، و لە ئەنجامدا ئەو کێشە و گرفتانەی خستەڕوو کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبنەوە لە کاتی بەکارخستنی تەکنەلۆژیای فێرکاری بۆ ئەم گروپە لە قوتابیان.

٩.**توێژینەوەی (حامد واخرون ،٢٠٢١)** بە ناونیشانی "**معوقات استخدام التقنيات التعليمية في مجال ذوي الاحتياجات الخاصة**"، لە **زانکۆی جازان لە سعودیە** لە ساڵی **٢٠٢١** ئەنجامدراوە؛ توێژینەوەکە **ڕێبازی وەسفی** بەکارهێناوە و نموونەکەی پێکهاتووە لە **(٤٠) مامۆستای پەروەردەی تایبەت** لە ناوچەی (أبو عريش)، بە ئامانجی **دیاریکردنی ڕێگرەکانی بەردەم بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکاری لەم بوارەدا**، و لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە نەبوونی بودجەی پێویست و کەمیی ڕاهێنانی پراکتیکی بۆ مامۆستایان لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیەن.

بەشی سێیەمی توێژینەوە

یەکەم / ڕێبازی توێژینەوە : (Research Methodology)

توێژەران پشتیان بە ڕێبازی وەسفی بەستووە بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشت وئامانجەکانی توێژینەوەکەدا .

پێناسەی ڕێبازی وەسفی (Descriptive Research Method)

(Bhandari, 2024) پێناسەی دەکات بە ڕێبازێکی زانستی کە ئامانجی وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی گروپێك یان دیاردەیەکە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەم ڕێبازە تیشک ناخاتە سەر "هۆکاری" ڕوودانی دیاردەکە، بەڵکو جەخت لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیاری "چی" دەکاتەوە سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە (Bhandari, 2024). بە واتایەکی تر، توێژەر تەنها چاودێریی دیاردەکە دەکات و وەسفی دەکات وەک چۆن لە سروشتی خۆیدا هەیە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی گۆڕاوەکان بکات.

دووەم / کۆمەڵگە توێژینەوەکە : (Research Population)

کۆمەڵگەی توێژینەوە کە پێکهاتوە لە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت (مامۆستایانەی کە لە بواری پەروەردەی تایبەتدا کار دەکەن و خزمەت بەقوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن)لە سنوری پارێزگای سلیمانی و دەوربەری. هەڵبژاردنی بەشداربووان لە سەنتەری پارێزگا و دەوروبەریدا، یارمەتیدەرە بۆ دەوڵەمەندکردنی دەرەنجامەکان بەتایبەت کەیەکێك لەئامانجەکان پەیوەندی دارە بەسنوری جوگرافیەوە .

سێیەم/ نموونەی توێژینەوە (Research Sample)

نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەژداریان کردلە توێژینەوەکەدا .کە ژمارەیان ( ٣٨ ) مامۆستایە بەهەردوو ڕەگەزەوە . ژمارەی ڕەگەزی مێ (٢٣) و ژمارەی ڕەگەزی نێر (١٥) مامۆستا.

خشتەی ژمارە (١) نیشاندانی کۆمەڵگای توێژینەوە


| ڕەگەز | ژمارەی مامۆستایان | ڕێژەی سەدی (نزیکراوە) |
|---|---|---|
| مێ | ٢٣ | %٦٠,٥ |
| نێر | ١٥ | %٣٩,٥ |
| کۆی گشتی | ٣٨ | %١٠٠ |



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- مێ (23 ماموّستا): (%60.5)
- نێر (15 ماموّستا): (%39.5)

وێنەی ژمارە (١) بارِ چارتێک لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی ماموّستایان بەپێی ڕەگەز




وێنەی ژمارە (٢) بارچارتێك نیشاندانی نمونەی توێژینەوەکە



وێنەی ژمارە (٣) نیشاندانی ڕەگەزی مامۆستایانی بەژداربووی توێژینەوەکە

- ڕەگەزی نێر (کوڕ) : ١٥
- ڕەگەزی مێ (کچ) : ٢٣

چوارەم / ئامراز و کەرەستەکانی توێژینەوە (Research Instruments)

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و کۆکردنەوەی زانیاری لە نموونەی دیاریکراو، توێژەر پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaire) کراوە بەستووە وەک ئامرازێکی سەرەکی و باوەڕپێکراو لە توێژینەوە وەسفییەکاندا. فۆرمەکە بەپێی پێوەرە زانستییەکان و لە ژێر ڕۆشنایی ئەدەبیاتی پێشوودا داڕێژراوە، و بۆ گشتاندن و دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان، توێژەران هەردوو جۆری پرسیاری (کراوە و داخراویان)بەکارهێنا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- فۆرمی ڕاپرسیی کراوە (Open-ended Questionnaire)

توێژەران فۆرمی ڕاپرسی کراوەیان بەکارهێنا بەمە بەستی بنیاد نان و دروستکردنی (پرسیارنامەی ) توێژینەوەکە . وەپاشان هەردوو چەمکی سایکۆمەتری (ڕاستگۆی و جێگیریان بۆ پێوەرەکە) دەرهێنا

- فۆرمی ڕاپرسیی داخراو (Closed-ended Questionnaire)

پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بڕگە و پرسیاری داخراو کە داوا لە نموونەی توێژینەوەکە دەکرێت تەنها یەك وەڵامی ئامادە هەڵبژێرێت ،لەدوای ئەوەی پسپۆران سەرەنج و تێبینی زانستیان لەسەر سەرجەم بڕگەکانی پرسیار نامەکە دەربڕی .بڕگەکانی پرسیار نامەکە لە کۆتا جاردا (٥٦) بڕگەی مایەوە کە لە (٥) بەشی سەرەکی پێك هاتوە . (ئاستەنگ و بەربەستەکانی تایبەت بە پرۆگرام، ئاستەنگ و بەربەستەکانی تایبەت بە مامۆستای پەروەردەی تایبەت، ئاستەنگ و بەربەستەکانی تایبەت بە مامۆستای پۆلی ئاسایی و بەڕێوبەرانی خوێندنگاکان ، ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەشێوەیەکی گشتی، ئاستەنگ و بەربەستەکانی تایبەت بە کەسوکاری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت) وەبژاردەکانی پرسیار نامەکە لە (٥) جێگرەوە پێکهاتوون (هەمیشە ،زۆرجار،هەندێك جار،بەدەگمەن ،هەرگیز)

پێنجەم / تایبەتمەندییە سایکۆ مەترییەکانی پێوەری توێژینەوەکە / ڕاستگۆی (الصدق)

ڕاستگۆی ڕواڵەتی : بەربەست وئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت : توێژەر ان تەوەرەکانی پێوەرەکەیان نیشانی ژمارەیەک لە پسپۆری بواری پەروەردە ی تایبەت بواری دەروونزانی پەروەردە دا ، کە ژمارەیان ( 11 ) پسپۆر بوو لە بواری پەروەردەی تایبەت و دەروونزانی دا بۆ ئەوەی ڕەوایەتی و ڕاستگۆی بڕگەکانی پێوەرکە دەست نیشان بکەن .

سەرەڕای بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری یاسای (کاي–سکۆیر) بۆ بەراوردکردن لە نێوان ئەو پسپۆرانەی هاوڕان و ئەوانەی هاوڕانین ، وە دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ برگەکانی پێوەرەکە ، ئەوە دەرکەوت کە هەموو تەوەرەکان ڕەزامەندی و ڕێکەوتنی تەواوی پسپۆڕەکانی لەسەرە بەشێوەی جیاواز ، وەک لە خشتەی ( ٢ ) ڕوونکراوەتەوە .

خشتەی ژمارە ( ٢ )بۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان و بەهای (کا2) ڕێژەی سەدی پێوەری بەربەست وئاستەنگیەکانی بەردەم مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لەفێرکردنی قوتابیانی

| لایەنەکانی | ژمارەی برگەکان | ڕای شارەزایان | | ڕێژەی هاوڕا بوون | کای سکویر | Sig ٠,٠٥ | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕا بوون | هاوڕا نەبوون | | | | |
| ١٦،١٤،١٣،١٢،١١،١٠،٩،٨،٦،٥،٣ ٢٣،٢١،١٨،١٧، ٤٢،٤٠،٣٨،٣٦،٣٥،٣٢،٣٠،٢٨،٢٧ ٥٤،٥٣،٥٢،٥١،٥٠،٤٨،٤٧،٤٤، | ١٥ | 11 | ٠ | ١٠٠ | 11 | ٠,٠٠٠ | مانادارە |
| ١٥،١٩،٢٠،٢٢،٢٤،٢ ٥٥،٤٦،٤٣،٤١،٣٩،٣٣،٣١،٢٩ | ٦ | 10 | ١ | ٩١,٦٦٦ | ٨,٣٣٣ | ٠,٠٠٤ | مانادارە |
| ٥٦،٤٩،٤٥،٣٧،٣٤،٧،٤،١،٢٥،٢٦ | ٥ | 9 | ٢ | ٨٣,٣٣٣ | ٥,٣٣٣ | ٠,٠٢١ | مانادارە |

خاوەن پێداویستی تایبەتدا نیشان دەدات .

دەرئەنجام سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە لەئاستێکی بەرزی ڕاستگۆی دان بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی (بەربەست وئاستەنگەکانی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت )توێژەران دوو جۆر هاوکێشەیان بەکار هێنا بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی پێوەرەکە یەکەم/ ڕێژەی سەدی برگەکان بەپێی ڕازامەندی پسپۆڕان : کە لەئاستێکی بەرزدا بوون.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

دووەم/ هاوكیشەی كای سكوێر: كە سەرجەم برگەكان توانای پێوانەكردنی گۆڕاوە كەیان هەیە بە پشت بەستن بە هاوكێشەی كای سكویری بەهای هەژماركراو كە گەورەتربوون لە بەهای خشتەی كای سكوێر كە بریتیەلە ٣,٨٤ ئەمەش ڕاستگۆی سەرجەم برگەكان دەردەخات .

Formula

$$\chi^2 = \sum \frac{(O_i - E_i)^2}{E_i}$$

وێنەی ژمارە (٤) هاوكێشەی كای سكوێر بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی برگەكانی پێوەرەكە

شەشەم / جێگیری ( نەگۆڕی ) ثبات – پێوەری(بەربەست وئاستەنگەكانی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت):

توێژەر ان پشتیان بەستووە بە دوو ڕێگا بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەركە .

یەكەم : جێگیری ئەلفا كرۆنباخ: دەركەوت كە بەهای هاوكۆلكەی ئەم جێگیرە دەكاتە (٠,٩٤٩) بۆ كۆی پێوەرەكە ، كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی هاوكۆلكەی جێگیری پێوەرەكە .

دووەم : دووبارە جێبەجێكردنەوەی پێوەرەكە : پێوەرەكە بۆ جاری یەكەم جێبەجێكرا لەسەر نموونەیەک كە لە ( ٢٥) مامۆستا پێكهاتبوو لە هەردوو ڕەگەز ، وە پێوەرەكە لە دوای ١٥ ڕۆژبۆ جاری دووەم جێبەجێكراوە لەسەر نموونەی سەرەكی توێژینەوەكە ، وە هاوكۆلكەی پەیوەندی سادە لە نێوان پلەكانی جێبەجێكردنی یەكەم و پلەكانی جێبەجێكردنی دووەم دەرهێنرا بە بەكارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) ، ( هاوكۆلكەی جێگیری ) كە بەهاكە گەیشتە (٠.902) بۆ كۆی پێوەرەكە ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە پێوەرەكە بەگشتی ئاستێكی بەرزی جێگیر ی هەیە .

خشتەی ژمارە (٣) ئاماژە دەكات بە(جێگیری ) پێوەرەكە

| دەرهێنانی جێگیری و جۆری جێگیری | جۆری هاوكێشە | ڕێژەی جێگیری |
|---|---|---|
| جاری یەكەم لەسەر نموونەیەك لە مامۆستایان : تێبینی :بۆجاری دووەم فۆرمیان بەسەردا دابەش نەكرایەوە . | ڕێگای دووبارە تاقیكردنەوەكە لەدوای ١٥ ڕۆژەوە | ٠.902 |



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

| | | |
|---|---|---|
| جاری دووەم لەسەر نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە | ئەلفا کرۆنباخ Cronbach's Alpha | ٠,٩٤٩ |

حەوتەم / کەرستە ئامارییەکان ( الوسائل الإحصائية ) :

چارەسەری داتای توێژینەوەکە کرا بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری کۆمپیتەری ( VERSION 26 SPSS)

بەشی چوارەم / دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

**گریمانەی یەکەم** : جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی (٠,٠٥ )بوونی نییە لە نێوان قەبارەی کاریگەریی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە، لە ڕوانگە ی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە بەشێوەیەکی گشتی .

خشتەی ژمارە (4) وەڵامی گریمانەی یەکەم دەداتەوە دەربارەی هەبوونی قەبارەی کاریگەریی (Effect Size) ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە ، لە ڕوانگە ی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە بەشێوەیەکی گشتی .

| هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری (Cohen's d) | ناوەندە ژمێری وەڵامەکان(Mean) | لادانی پێوانەیی ( Std. (Deviation |
|---|---|---|
| ٣,٠٢ | 4.21 | ٠,٥٠٦ |

شیکردنەوەی ئاماری بۆ گریمانەی یەکەم

"بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، تاقیکردنەوەی ( One-Sample t-test) ئەنجام درا بۆ نموونەیەک کە پێکهاتبوو لە (٣٨) مامۆستا. دەرئەنجامەکان دەریانخست کە ناوەندی ژمێری گشتیی بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە دەکاتە (4.21) وە لادانی پێوانەیی (٠,٥٠٦). لەبەر ئەوەی ئەم ناوەندە ژمێریە بەرزترەلە ناوەندیی گریمانەی پێوەرەکە کە (٣)ە، ئەوە دەردەخات کە ئاستی بەربەستەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە زۆر بەرزە .

هەروەها، بۆ پێوانەکردنی قەبارەی ئەم جیاوازییە، پێوەری کۆهین (Cohen's d) هەژمار کرا، کە دەرئەنجامەکەی بە نزیکەیی دەکاتە (-٣,٠٢). بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی کۆهین، ئەمە

قەبارەیەکی کاریگەریی زۆر گەورەیە. بۆیە گریمانەی(سفری$H_0$) توێژینەوەکە ڕەتکرایەوە گریمانەی (لەبری $H_1$ ) قبوڵکرا کە جیاوازییەکی ئاماریی واتادار و کاریگەر بونی هەیە."

گریمانەی دووەم : جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی (٠,٠٥ )بوونی نییە لە کاریگەریی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە، لە ڕوانگە ی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

خشتەی ژمارە (٥) وەڵامی گریمانەی دووەم دەداتەوە دەربارەی هەبوونی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی مامۆستایان جیاوازی تێڕوانیانان بۆ ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .Independent Samples t-test


| Std. Error Difference | Mean Difference | Sig. (2-tailed) | df نمرەی ئازاد | بەهای t | Sig. p value | F (Levene's Test) | ڕەگەز | تەوەرەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2.07240 | -.46667 | .823 | 36 | -.225 | 0.05 | .994 | ١٥ نێر | T1 |
| 2.16434 | -.46667 | .831 | 25.720 | -.216 | | | ٢٣ مێ | |
| 1.55379 | 2.00870 | .204 | 36 | 1.293 | 0.05 | 4.383 | ١٥ نێر | T2 |
| 1.39981 | 2.00870 | .160 | 35.760 | 1.435 | | | ٢٣ مێ | |
| 3.14865 | .41739 | .895 | 36 | .133 | 0.05 | .405 | ١٥ نێر | T3 |
| 3.27454 | .41739 | .900 | 26.129 | .127 | | | ٢٣ مێ | |
| 1.61494 | -.45797 | .778 | 36 | -.284 | 0.05 | .454 | ١٥ نێر | T4 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٣مێ | | | -.277 | 27.670 | .784 | -.45797 | 1.65366 |
| T5 | ١٥نێر | 4.430 | 0.05 | .227 | 36 | .821 | .47246 | 2.07803 |
| | ٢٣مێ | | | .212 | 23.388 | .834 | .47246 | 2.22565 |

سەرجەم تەوەرەکان (T1, T2, T3, T4, T5)، بەهای ئاستی واتاداری یان Sig. (2-tailed) زۆر گەورەترە لە (٠,٠٥). ئەمەش بەو واتایە دێت کە ڕەگەز هیچ ڕۆڵێک نابینێت لە جیاوازیی لە ڕوانگەی مامۆستایان بەرامبەر بەو ئاستەنگ و بەربەستانە .

**وەڵامی گریمانەی دووەم**

جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی ٠,٠٥ بوونی نییە لە کاریگەریی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، توێژەر ان تاقیکردنەوەی (Independent Samples t-test)ی بەکارهێنا بۆ بەراوردکردنی تێروانینی مامۆستایانی نێر (١٥) و مێ (٢٣). دەرئەنجامەکانی خشتەکە دەریدەخەن کە بەهای ئاستی واتاداری ( Sig.p value) بۆ تەواوی تەوەرەکانی پێوەرەکە (T1 تا T5) گەورەترە لە ئاستی واتاداری (٠,٠٥). هەربۆیە گریمانە سفری پەسەند کرا (سفری$H_0$) ، واتە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە نێوان مامۆستایانی نێر و مێدا بوونی نییە سەبارەت بە هەستکردن بەو ئاستەنگانە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەردوو ڕەگەزەکە لە یەک ئاستدا دەڕواننە قەبارەی بەربەست و ئاستەنگەیەکانی بەردەم فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت."




وێنەی ژمارە (٥) هاوکێشەی (تای) بۆ دوونمونەی سەر بەخۆ

گریمانەی سێەم : جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی (٠,٠٥ )بوونی نییە لە نێوان سنوری جوگرافی (دەرەوە وناوە وە ی شار )لە هەستکردن بە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لەکاتی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دا،دوچاری مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە بەپێی گۆڕاوی سنوری جوگرافی (سەنتەری شار و دەروبەری ).

خشتەی ژمارە (٦) وەڵامی گریمانەی سێیەم دەداتەوە دەربارەی هەبوونی جیاوازی لە نێوان سنوری جوگرافی و (دەرەوەی شار یان ناوەوەی شار )جیاوازی تێروانینیان بۆ ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا .
Independent Samples t-test

| تەوەرەکان | سنوری جوگرافی | F(Levene's Test) | Sig. p value | بەهای t ی | نمرەی ئازاد df | Sig. (2-tailed) | Mean Difference | Std. Error Difference |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| T1 | ٢٥پارێزگا | .008 | 0.05 | 1.382 | 36 | .176 | -2.87692 | 2.08222 |
| | دەرەوەی ١٣شار | | | 1.345 | 22.716 | .192 | -2.87692 | 2.13836 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| T2 | ٢٥پارێزگا | .114 | 0.05 | 1.580 | 36 | .123 | −2.50154 | 1.58366 |
| | دەروەی ١٣شار | | | 1.531 | 22.448 | .140 | −2.50154 | 1.63354 |
| T3 | پارێزگا | .098 | 0.05 | 1.944 | 36 | .060 | −6.00000 | 3.08695 |
| | دەروەی ١٣شار | | | 1.962 | 25.073 | .061 | −6.00000 | 3.05761 |
| T4 | ٢٥پارێزگا | 1.219 | 0.05 | .159 | 36 | .875 | .26462 | 1.66516 |
| | دەروەی ١٣شار | | | .167 | 27.865 | .869 | .26462 | 1.58713 |
| T5 | ٢٥پارێزگا | 1.277 | 0.05 | −.483 | 36 | .632 | −1.03077 | 2.13565 |
| | دەروەی ١٣شار | | | −.501 | 27.010 | .621 | −1.03077 | 2.05898 |

شیکاری خشتەکە :بەپێی ئەنجامەکانی خشتەکە، گریمانە سفری پەسەند کرا (واتە قبوڵکردنی ئەوەی کە جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی ٠,٠٥ بوونی نییە بەپێ سنوری جوگرافی ).

وە لە هەموو تەوەرەکاندا (T1 تا T5)، بەهای ئاستی واتاداری یان Sig. (2-tailed) لە (p.value ٠,٠٥ ) گەورەتر دەرچووە. ئەمەش بەو واتایە دێت کە شوێنی جوگرافی (سەنتەری شار یان دەرەوەی شار) هیچ کاریگەرییەکی نییە؛ مامۆستایان لە هەردووسنوردا هەمان هەستیان هەیە بەرامبەر بەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

شیکاریی ورد بۆ بوارەکان (T1 – T5)

لەبەر ئەوەی لە هەموو تەوەرەکاندا بەهای (Sig) بۆ تاقیکردنەوەی لیڤین (F) لە ٠,٠٥ گەورەترە، بۆ هەموویان تەنها ڕیزی یەکەم (Equal variances assumed) دەخرێتە ڕوو :

- بواری یەکەم (T1): ئاستی واتاداری (Sig = 0.176) کە گەورەترە لە ٠.٠٥ واتە هیچ جیاوازییەک نییە.
- بواری دووەم (T2): ئاستی واتاداری (Sig = 0.123) کە گەورەترە لە ٠.٠٥ واتە هیچ جیاوازییەک نییە.
- بواری سێیەم (T3): ئاستی واتاداری (Sig = 0.060) دەرچووە. هەرچەندە ئەمە زۆر نزیکە لە ٠,٠٥، بەڵام هێشتا گەورەترە، بۆیە لێرەشدا لە ڕووی ئامارییەوە هیچ جیاوازییەکی واتادار نییە.
- بواری چوارەم (T4): ئاستی واتاداری (Sig = 0.875) کە گەورەترە لە ٠.٠٥ واتە هیچ جیاوازییەک نییە.
- بواری پێنجەم (T5): ئاستی واتاداری (Sig = 0.632) کە گەورەترە لە ٠.٠٥ واتە هیچ جیاوازییەک نییە.

**وەڵامی گریمانەی سێیەم**

گریمانەی سێیەمی توێژینەوەکە دەڵێت (جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی ٠,٠٥ بوونی نییە لە نێوان سنووری جوگرافی لە هەستکردن بەو ئاستەنگانەی لەکاتی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا دووچاری مامۆستایان دەبنەوە)، توێژەران تاقیکردنەوەی ( Independent Samples t-test)ی بەکارهێنا بۆ بەراوردکردنی ڕای مامۆستایان بەپێی گۆڕاوی سنووری جوگرافی (سەنتەری شار و دەرەوەی شار). دەرئەنجامەکانی خشتەکە دەریدەخەن کە بەهای ئاستی واتاداری (Sig.) بۆ تەواوی بوارەکانی پێوەرەکە (T1 تا T5) گەورەترە لە ئاستی واتاداری (٠,٠٥). بۆیە گریمانە سفرییەکە پەسەند دەکرێت، واتە هیچ جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە

نێوان مامۆستایانی سەنتەری شار و دەرەوەی شاردا بوونی نییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی رووبەڕووی مامۆستیان دەبێتەوە لەکاتی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا ،کاریگەرییان لەسەر گشت مامۆستایان هەیە بە شێوەیەکی هاوشێوە، بەبێ جیاوازی ئەوەی قوتابخانەکە لە سەنتەری شارە یان لە دەوروبەری."

**گریمانەی چوارەم** : جیاوازییەکی ئاماریی واتادار لە ئاستی (٠,٠٥ )بوونی نییە لە نێوان قەبارەی کاریگەریی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی رووبەڕووی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە، لە ڕوانگە ی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەتکردن (کەمتر لە٢ ساڵ یاخود زیاتر لە ٢ ساڵ ).

خشتەی ژمارە (٧) وەڵامی گریمانەی چوارەم دەداتەوە دەربارەی هەبوونی جیاوازی لە نێوان ئەو مامۆستیانەی کە لە ٢ ساڵ زیاتر خزمەتیان هەیە بەبەراوەرد بەوانەی کەمتر لە ٢ ساڵ خزمەتیان کردوە وە جیاوازی تێروانینیان بۆ ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا . نیشان دەدا ت بەبەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە Independent Samples t-test

| تەوەرەکان | ماوە | F(Levene's Test) | Sig. p value | بەهای t | نمرەی ئازاد df | Sig. (2-tailed) | Mean Difference | Std. Error Difference |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەوەرەی ١ | زیاتر لە دوو ساڵ ٢٠ | .062 | .805 | -2.237 | 36 | .032 | -4.25556 | 1.90227 |
| | کەمتر لە ٢ساڵ ١٨ | | | -2.264 | 35.509 | .030 | -4.25556 | 1.87941 |
| تەوەرە | زیاتر | 3.871 | .05 | - | 36 | .039 | - | 1.4657 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ی٢ | له دوو ساڵ ٢٠ | | 7 | 2.138 | | | 3.13333 | 2 |
| | کەمتر له ٢ساڵ ١٨ | | | –2.186 | 32.780 | .036 | –3.13333 | 1.43335 |
| تەوەرەی٣ | زیاتر له دوو ساڵ ٢٠ | .949 | .337 | –2.143 | 36 | .039 | –6.22222 | 2.90347 |
| | کەمتر له ٢ساڵ ١٨ | | | –2.175 | 35.015 | .036 | –6.22222 | 2.86101 |
| تەوەرەی٤ | زیاتر له دوو ساڵ ٢٠ | .014 | .908 | –2.467 | 36 | .019 | –3.61111 | 1.46380 |
| | کەمتر له ٢ساڵ ١٨ | | | –2.480 | 35.996 | .018 | –3.61111 | 1.45610 |
| | کەمتر له | | | .167 | 27.865 | .869 | .26462 | 1.58713 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢ساڵ ١٨ | | | | | | | |
| تەوەرەی ٥ | زیاتر لە دوو ساڵ ٢٠ | 1.277 | .266 | -.483 | 36 | .632 | -1.03077 | 2.13565 |
| | کەمتر لە ٢ساڵ ١٨ | | | -.501 | 27.010 | .621 | -1.03077 | 2.05898 |

شیکاریی ورد بۆ تەوەرەکان (T1 – T5)

بۆ هەموو تەوەرەکان بەهای (Levene's Test) گەورەترە لە ٠,٠٥، بۆیە توێژەران تەنها سەیری ریزی یەکەم بەکاردەهێنن بۆ ئاستی واتاداری (Sig. 2-tailed):

- تەوەرەی ١: ئاستی واتاداری دەکاتە (٠,٠٣٢)، کە بچووکترە لە ٠,٠٥. جیاوازییەکی ئاماریی واتادار هەیە.
- تەوەرەی ٢: ئاستی واتاداری دەکاتە (٠,٠٣٩)، کە بچووکترە لە ٠,٠٥. جیاوازییەکی ئاماریی واتادار هەیە.
- تەوەرەی ٣: ئاستی واتاداری دەکاتە (٠,٠٣٩)، کە بچووکترە لە ٠,٠٥. جیاوازییەکی ئاماریی واتادار هەیە.
- تەوەرەی ٤: ئاستی واتاداری دەکاتە (٠,٠١٩)، کە بچووکترە لە ٠,٠٥. جیاوازییەکی ئاماریی واتادار هەیە.
- تەوەرەی ٥: ئاستی واتاداری دەکاتە (٠,٦٣٢)، کە گەورەترە لە ٠,٠٥. لێرەدا هیچ جیاوازییەک نییە.

شیکاری ئاماری بۆ گریمانەی چوارەم / بسەبارەت بە بوونی جیاوازیی ئاماری لە ڕوانگەی مامۆستایان بۆ ئاستەنگەکانی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت (کەمتر لە ٢ ساڵ، زیاتر لە ٢ ساڵ)، توێژەران تاقیکردنەوەی ( Independent

Samples t-test)یان بەکارهێنا. دەرئەنجامەکان دەریدەخەن کە بەهای ئاستی واتاداری (Sig.) بۆ تەوەرەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم) بچووکترە لە ئاستی واتاداری (٠,٠٥). بۆ یە بۆ ئەم تەوەرانە گریمانە سفری ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی لەبری پەسەند دەکرێت . کە جیاوازییەکی ئاماریی واتادار هەیە بە قازانجی ئەو مامۆستایانەی کە خزمەتیان (کەمتر لە ٢ ساڵ)ە. ئەمەش بەو واتایە دێت مامۆستا تازەکان زیاتر هەست بە قەبارەی بەربەستەکان گرفت و ئاستەنگەکان دەکەن. لە کاتێکدا بۆ تەوەرەی (پێنجەم)، بەهای (Sig.) دەکاتە (٠,٦٣٢) کە گەورەترە لە ٠,٠٥، بۆیە تەنها لەم تەوەرەیەدا گریمانە سفرییەکە پەسەند دەکرێت و هیچ جیاوازییەکی واتادار لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا بەدی ناکرێت."بە واتایەکی تر: ساڵانی خزمەتکردن کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە لەسەر چۆنیەتی بینینی ئاستەنگەکان وچۆنێتی تێپەڕاندنیان لەلایەن مامۆستایانەوە.

دەرئەنجام: ئەو مامۆستایانەی کە تازەن و خزمەتیان لە ٢ ساڵ کەمترە، زۆر زیاتر هەست بە ئاستەنگ و بەربەستەکان دەکەن بەراورد بەو مامۆستایانەی کە ئەزموونداران (زیاتر لە ٢ ساڵ خزمەتیان هەیە). ئەم دەرئەنجامەش پەیوەندی دارە بەزۆر هۆکارەوە .

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوە :conclusion**

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی دەرئەنجامەکانی دەریانخست کە (بەشێویەکی گشتی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لەکاتی خزمەتکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕوبەڕوی چەندەها کیشە وئاستەنگ و گرفتی جۆراو جۆردەبنەوە .

توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی سەلماندی کە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان لە کاتی فێرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە ئاستەنگ و بەربەستی هەمەجۆر دەبنەوە کە کاردەکەنە سەر کوالێتیی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

ئەم دەرئەنجامە بەتەواوی هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (Billingsley, 2004) کە دەریخستووە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بەردەوام ڕووبەڕووی فشاری کارکردنی زۆر و ئاستەنگی جۆراوجۆر دەبنەوە کە زۆرجار دەبێتە هۆی شەکەتیی دەروونی (سوتانی دەروونیان توش دەبێت ) بەراورد بە مامۆستایانی ئاسایی.

**دەرئەنجامەکان بەپێی (٥) تەوەرە سەرەکییەکە**

١. ئاستەنگەکانی تایبەت بە پرۆگرامی خوێندن



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەرکەوت کە پرۆگرامەکانی خوێندن هێشتا نەرمییەکی ئەوتۆیان تێدا نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاستی توانای جەستەیی و عەقڵیی جیاوازی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا بگونجێنرێن. زۆرجار پرۆگرامەکان قورسن و پێداویستییە تاکەکەسییەکانی ئەم منداڵانە لەبەرچاو ناگرن. ئەمە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (Mitchell, 2014) لە پەرتووکی " What Really Works in Special and Inclusive Education"، کە ئاماژە بەوە دەکات نەبوونی پرۆگرامی گونجێنراو (Adapted Curriculum) یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

٢.ئاستەنگەکانی تایبەت بە مامۆستای پەروەردەی تایبەت

مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت (بەتایبەت ئەوانەی تازە دامەزراون و خزمەتیان کەمترە لە ٢ ساڵ) ڕووبەڕووی ئاستەنگی کەمیی خولەکانی مەشق و ڕاهێنانی پێشکەوتوو دەبنەوە. هەروەها باری گرانی سەرشانیان و نەبوونی پاڵپشتیی دەروونی و نەبوونی موچەی پێویست ، وا دەکات ئەرکەکەیان قورستر بێت. ئەم دەرئەنجامە هاوئاراستەیە لەگەڵ توێژینەوەی ( Brunsting et al., 2014) کە سەلماندوویەتی مامۆستا تازەکانی پەروەردەی تایبەت بەهۆی نەبوونی ئەزموون و نەبوونی ڕاهێنانی بەردەوامەوە، زۆرزیاتر هەست بە قەبارەی بەربەستەکان دەکەن و پێویستیان بە ڕاهێنانی چڕپڕ هەیە.

٣. ئاستەنگەکانی تایبەت بە مامۆستای پۆلی ئاسایی و بەڕێوەبەری خوێندنگاکان

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخست کە زۆرجار نەبوونی هۆشیاریی تەواو لای مامۆستایانی پۆلی ئاسایی و کارگێڕیی قوتابخانەکان سەبارەت بە چەمکی پەروەردەی تایبەت و چۆنیتی مامەڵەکردلەگەڵیان وشێوازی کاکردنی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ، دەبێتە هۆی لاوازی لە هەماهەنگی و هاوکاریکردنی نێوان مامۆستایانی ئاسای و مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، کە ئەمەش دەبێتە ئاستەنگێکی هەرە گەورەی بەردەم پێشکەوتنی ئەم چینە لەقوتابی .

ئەمە بەتەواوی کۆکە لەگەڵ توێژینەوەی بەناوبانگی (Mastropieri, 1996 & Scruggs) و هەروەها (Forlin, 2001) کە سەلماندوویانە مامۆستایانی ئاسایی و بەڕێوەبەرەکان گەورەترین کاریگەرییان هەیە لەسەر سەرکەوتن یان شکستهێنانی پرۆسەی پەروەردەی تێکەڵاو (Inclusive Education).

٤. ئاستەنگە گشتییەکان (ژینگە و کەرەستەکان)

یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکان ئەوەیە کە ژینگەی فیزیکیی قوتابخانەکان و نەبوونی کەرەستەی فێرکاریی تایبەت، هۆکارێکی گشتی و سەرەکین لە دروستبوونی بەربەست و ئاستەنگ. هەروەها

نەبوونی بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر بۆ منداڵان. توێژینەوەکەی (Das, 2014 & Bhatnagar) کە لەسەر وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان کراوە، ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە نەبوونی ژێرخانی گونجاو و کەرەستەی فێرکاری و تایبەت لە پەروەردەی گشتگیردا ، ئاستەنگی بنەڕەتین لەبەردەم پێشکەوتنی پرۆسەکە.

٥. ئاستەنگەکانی تایبەت بە خێزان و کەسوکاری منداڵان

توێژینەوەکە دەریخست کە خێزانەکان ڕۆڵێکی دوو لایەنە دەبینن؛ زۆرجار بەهۆی قبوڵنەکردنی باری تەندروستیی منداڵەکانیان (Denial)، یان نەبوونی هۆشیاریی پەروەردەیی و چاوەڕوانیی نالۆژیکی لە مامۆستایان دەکەن، دەبنە گەورەترین ئاستەنگ و هاوکاریی مامۆستایان ناکەن بۆ جێبەجێکردنی پلانە پەروەردەییەکان.ئەم ئەنجامە هاوڕایە لەگەڵ پەرتووک و توێژینەوەکانی (Turnbull et al., 2015) سەبارەت بە "خێزان و کەسانی پیشەگەر"، کە جەخت دەکاتەوە لەوەی نەبوونی متمانە و هاوبەشی لە نێوان خێزان و قوتابخانە، پرۆسەی فێرکردنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت پەک دەخات.

**دەرئەنجامەکان بەپێی جیاوازیی ڕەگەزی(نێرو مێ ) مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت**

١. یەکبوونی ژینگەی کارکردن: مامۆستایانی نێر و مێ لە ناو هەمان ژینگەی فیزیکیی قوتابخانەدان و سەر بە هەمان سیستەمی کارگێڕین . واتە ئەو کەمییەی لە کەرەستە، بینا، یان کێشەی پرۆگرام هەیە، بە یەکسانی ڕووبەڕووی هەردوو ڕەگەز دەبێتەوە و جیاوازی نیە لە نێوانیاندا.

٢. یەکسانی لە مامەڵەی کارگێڕیدا: بەڕێوەبەرایەتییەکان و ئیدارەی قوتابخانەکان هەمان ئەرک، هەمان خولی ڕاهێنان، و هەمان یاسا بەسەر هەردوو ڕەگەزدا جێبەجێ دەکەن، بۆیە هەردووکیان هەست بە هەمان ئاستەنگ و بەربەست دەکەن.

٣. سروشتی حاڵەتەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت: ئاستەنگەکانی فێرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت (یان مامەڵە لەگەڵ خێزانەکەی) پەیوەندی بە سەختیی حاڵەتەکەی خودی منداڵەکەوە هەیە، نەک ڕەگەزی مامۆستاکە. بۆیە پێویستی بە هەمان وزە و ماندووبوونی دەروونی هەیە لای ژنان و پیاوان بەیەکسانی . ئەم دەرئەنجامانە هاو ئاراستەن لەگەڵ هەردوو توێژینەوەی (دبراسو، ٢٠٢٠) وە توێژینەوەی (عوربية وخلوفي، ٢٠٢٥)

**یەکەم: پێشنیارەکان (المقترحات)**

پێشنیارەکان بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو (Suggestions for Future Studies)

وەک تەواوکەرێک بۆ ئەم بابەتە، توێژەران پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانەی خوارەوە دەکەن بۆ توێژەرانی داهاتوو:

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی چەندایەتی (Qualitative) لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایانی تازە دامەزراو، بۆ زانینی هۆکاری سەرەکیی هەستکردنیان بەو گرفتو ئاستەنگە زۆرانەی کەلەکاتی فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دوچاری دەبن بەتایبەت لە سەرەتای کارکردنیاندا.
- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر هەڵسەنگاندنی ئاستی هۆشیاریی کەسوکاری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستایان.
- توێژینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ زانینی جیاوازیی ئاستەنگەکان لە نێوان قوتابخانە حکومییەکان و قوتابخانە (یان سەنتەرە) تایبەتەکان (ئەهلییەکان) لە هەرێمی کوردستان.
- ئەنجام دانی توێژینەوەی دیکەی هاوشێوە و بینی وردککردن بەگرفتەکان لەڕوانگەی (کەسوکاری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە )
- ئەنجام دانی توێژینەوەی شیکاری بۆ پرۆگرامەکانی ( منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ) دۆزینەوەی ڕیگاچارەسەر بۆگرفت وبەربەستەکانی .

**دووەم: ڕاسپاردەکان (التوصيات) (Recommendations)**

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەیان خستەڕوو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان (بەتایبەت وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان):

١. بۆ پاڵپشتی مامۆستایانی تازە دامەزراو: لەبەر ئەوەی دەرئەنجامەکان سەلماندیان کە مامۆستایانی خاوەن خزمەتی کەمتر لە (٢ ساڵ) زۆرترین ئاستەنگ بەربەست ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە تەوەرەکانی (پرۆگرامی خاوەن پێداویستی تایبەت ، خودی گرفتەکانی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، مامۆستای پۆلی ئاسایی و بەڕێوەبەر، و ئاستەنگە گشتییەکان) ، ڕاسپاردە دەکرێت کە وەزارەتی پەروەردە "پرۆگرامی ڕاهێنانی چڕ و مەیدانی" پێش دەستبەکاربوونیان و لە یەکەم ساڵی

خزمەتدا بۆ مامۆستا تازە دەستبەکاربووەکان بکاتەوە. هەروەها سیستەمی (هاوڕێی ڕاوێژکار – Mentorship) جێبەجێ بکرێت، کە تێیدا مامۆستایەکی ئەزمووندار سەرپەرشتی مامۆستایەکی تازەکار دەکات بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانە.

٢. سەبارەت بە پرۆگرامی خوێندن (تەوەرەی یەکەم): پێویستە لیژنەکانی داڕشتنی مەنهەج لە وەزارەتی پەروەردە پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکاندا بکەن و شێوازێکی "نەرمتر و گونجاوترو ئاسانتر " دابڕێژن کە لەگەڵ توانای جەستەیی و عەقڵیی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بگونجێت.

٣. سەبارەت بە کارگێڕیی قوتابخانە و مامۆستایانی پۆلی ئاسایی (تەوەرەی سێیەم): بەڕێوەبەرایەتییەکانی مەشق و ڕاهێنان خولی هاوبەش بۆ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت، مامۆستایانی پۆلی ئاسایی، و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بکەنەوە، بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر چەمکی (پەروەردەی گشتگیر – Inclusive Education) و چۆنیەتی هاوکاریکردنی یەکتر بۆ کەمکردنەوەی بەربەستەکان.

٤. سەبارەت بە دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان: لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە سەلماندی کە هەستکردن بە ئاستەنگەکان لە نێوان ناوەندی شار و دەوروبەری شار (قەزا و ناحیەکان) جیاوازی نییە، پێویستە وەزارەتی پەروەردە بودجە، کەرەستەی فێرکاری، و خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەی تایبەت بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر سەرجەم ناوچەکاندا دابەش بکات.

٥. سەبارەت بە کەسوکاری منداڵان (تەوەرەی پێنجەم): لەبەر ئەوەی تەوەرەی خێزان تاکە تەوەرە بوو کە مامۆستایانی کۆن و تازەکانیش بە هەمان شێوە بە ئاستەنگێکی گەورەیان دەزانی، ڕاسپاردە دەکرێت کە لەناو قوتابخانەکاندا "یەکەی ڕێنمایی خێزانی" چالاک بکرێت بۆ بەستنی کۆڕ و سیمیناری هۆشیاری بۆ دایک و باوکان، تاوەکو ببنە هاوکار نەک بەربەست لە پرۆسەی فێرکردنی منداڵەکانیان.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

يەكەم : سەرچاوەكان بەزمانی عەرەبی :

١. دبراسو، فطيمة. (٢٠٢٠). الصعوبات التي يواجهها معلمو ذوي الاحتياجات الخاصة (دراسة ميدانية بمراكز ومدارس ذوي الاحتياجات الخاصة بمدينة بسكرة) .*مجلة العلوم الإنسانية لجامعة أم البواقي*، ٧(3)، ١١٢٨-١١٤٢.

٢. عوريبة، أمينة، وخلوفي، محمد. (٢٠٢٥). تحديات التعليم الشامل للتلاميذ ذوي الاحتياجات الخاصة من وجهة نظر المعلمين: دراسة ميدانية بمدينة تلمسان. *Journal of Neuro-Developmental Disorders and Learning*، ٥(1)، ٢٠-٢٩.

٣. الروسان، فاروق (٢٠١٤) .***سيكولوجية الأطفال غير العاديين: مقدمة في التربية الخاصة*** . **الطبعة التاسعة، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، الأردن،** ص ٨٢.

٤. **كوافحة، تيسير؛ وعبد العزيز، عمر فواز (٢٠١١)** .*مقدمة في التربية الخاصة* .الطبعة الرابعة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن، **ص ٢٥.**

٥. **الحويطي، خليل يوسف (٢٠١٦)** .*المدخل إلى التربية الخاصة* .الطبعة الأولى، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، **ص ٤٤.**

٦. **الزريقات، عبد الله فضل (٢٠٠٧). الاضطرابات السلوكية والانفعالية لدى الأطفال واليافعين. عمان، الأردن: دار الفكر للنشر والتوزيع. ص ١٢٠.**

٧. **يحيى، خولة أحمد (٢٠١٣). الاضطرابات السلوكية والانفعالية. عمان، الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع. ص ٦٢.**

٨. **عبيد، ماجدة السيد (٢٠١٠). تأهيل ذوي الإعاقات الحركية. عمان، الأردن: دار صفاء للنشر والتوزيع. ص ٣٤.**

٩. **القريوتي، يوسف، والسرطاوي، عبد العزيز، والصمادي، جميل (٢٠١٢). المدخل إلى التربية الخاصة. عمان، الأردن: دار الفكر للنشر والتوزيع. ص ١٩٠.**

١٠. **يحيى، خولة أحمد (٢٠١٤). اضطرابات طيف التوحد. عمان، الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع. ص ٤٥.**

١١. **كوافحة، تيسير مفلح (٢٠١٠). صعوبات التعلم والخطة العلاجية المقترحة. عمان، الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع. ص ٢٨.**

١٢. **الزريقات، عبد الله فضل (٢٠٠٥). اضطرابات الكلام واللغة: التشخيص والعلاج. عمان، الأردن: دار الفكر للنشر والتوزيع. ص ٢٥.**


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

١٣. الروسان، فاروق (٢٠١٤). سيكولوجية الأطفال غير العاديين: مقدمة في التربية الخاصة. عمان، الأردن: دار الفكر للنشر والتوزيع. ص ١٥٣

١٤. **القمش، مصطفى نوري، والمعايطة، خليل (٢٠١٥). سيكولوجية الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة: مقدمة في التربية الخاصة. عمان، الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع.**

١٥. **السرطاوي، زيدان، والشخص، عبد العزيز، والعبد الجبار، عبد العزيز (٢٠٠٩). معوقات دمج الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة في مدارس التعليم العام. الرياض، السعودية: دار الناشر الدولي.**

١٦. **عسكر، علي (٢٠١٢). المشكلات النفسية والتربوية لدى فئات التربية الخاصة. الكويت: دار الكتاب الحديث.**

(References) in English:

1. Billingsley, B. S .(٢٠٠٤) .Special education teacher retention and attrition: A critical analysis of the research literature .*The Journal of Special Education*.٥٥-٣٩ ,(١)٣٨ , https://doi.org/10.1177/00224669040380010401
2. Mitchell, D .(٢٠١٤) .*What really works in special and inclusive education: Using evidence-based teaching strategies* (2nd ed.). Routledge.
3. Brunsting, N. C., Sreckovic, M. A & ,.Lane, K. L .(٢٠١٤) .Special education teacher burnout: A synthesis of research from 1979 to 2013 . *Education and Treatment of Children*.٧١١-٦٨١ ,(٤)٣٧ ,
4. Scruggs, T. E & ,.Mastropieri, M. A .(١٩٩٦) .Teacher perceptions of mainstreaming/inclusion, 1958–1995: A research synthesis .*Exceptional Children*.٧٤-٥٩ ,(١)٦٣ ,
5. Forlin, C .(٢٠٠١) .Inclusion: Identifying potential stressors for regular class teachers .*Educational Research*.٢٤٥-٢٣٥ ,(٣)٤٣ ,
6. Bhatnagar, N & ,.Das, A .(٢٠١٤) .Regular school teachers' concerns and perceived barriers to implement inclusive education in New Delhi, India . *International Journal of Instruction*.١٠٢-٨٩ ,(٢)٧ ,
7. Turnbull, A., Turnbull, R., Erwin, E. J., Soodak, L. C & ,.Shogren, K. A . .(٢٠١٥)*Families, professionals, and exceptionality: Positive outcomes through partnerships and trust* (7th ed.). Pearson.

8. UNESCO. (2017). A guide for ensuring inclusion and equity in education. Paris: UNESCO.
9. Heward, W. L. (2013). Exceptional children: An introduction to special education (10th ed.). Pearson.
10. Darling-Hammond, L. (2000). Teacher quality and student achievement: A review of state policy evidence. Education Policy Analysis Archives, 8.(١)
11. Avramidis, E., & Norwich, B. (2002). Teachers' attitudes towards integration/inclusion: A review of the literature. European Journal of Special Needs Education, 17(2), 129-147.
12. Blue-Banning, M., Summers, J. A., Frankland, H. C., Nelson, L. L., & Beegle, G. (2004). Dimensions of family and professional partnerships: Constructive guidelines for collaboration. Exceptional Children, 70(2), 167-184.
13. Engelbrecht, P., Oswald, M., Swart, E., & Eloff, I. (2003). Including learners with disabilities: Stressful for teachers? International Journal of Disability, Development and Education, 50(3), 293-308.
14. Forlin, C. (2010). Teacher education for inclusion: Changing paradigms and innovative approaches. Routledge.
15. UNESCO. (2017). A guide for ensuring inclusion and equity in education. Paris: UNESCO.

**First: Sources in Arabic:**

1. Debrasso, Fatima. (2020). Difficulties Faced by Teachers of Students with Special Needs (A Field Study in Special Needs Centers and Schools in Biskra). Journal of Human Sciences, University of Oum El Bouaghi, 7(3), 1128-1142.

2. Ouriba, Amina, and Khaloufi, Mohamed. (2025). Challenges of Inclusive Education for Students with Special Needs from the Teachers' Perspective: A Field Study in Tlemcen. Journal of Neuro-Developmental Disorders and Learning, 5(1), 20-29.

3. Al-Rousan, Farouk (2014). Psychology of Exceptional Children: An Introduction to Special Education. Ninth Edition, Dar Al-Fikr for Publishing and Distribution, Amman, Jordan, p. 82.

4. Kouafha, Tayseer, and Abdel Aziz, Omar Fawaz (2011). Introduction to Special Education. Fourth Edition, Dar Al-Masira for Publishing,

Distribution, and Printing, Amman, Jordan, p. 25. 5. Al-Huwaiti, Khalil Yousef (2016). Introduction to Special Education. First Edition, Dar Al-Thaqafa for Publishing and Distribution, Amman, Jordan, p. 44.

6. Al-Zureiqat, Abdullah Fadl (2007). Behavioral and Emotional Disorders in Children and Adolescents. Amman, Jordan: Dar Al-Fikr for Publishing and Distribution, p. 120.

7. Yahya, Khawla Ahmed (2013). Behavioral and Emotional Disorders. Amman, Jordan: Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, p. 62.

8. Obaid, Majda Al-Sayed (2010). Rehabilitation of Individuals with Motor Disabilities. Amman, Jordan: Dar Safaa for Publishing and Distribution, p. 34.

9. Al-Qaryouti, Yousef, Al-Sartawi, Abdul Aziz, and Al-Samadi, Jamil (2012). Introduction to Special Education. Amman, Jordan: Dar Al-Fikr for Publishing and Distribution, p. 190.

10. Yahya, Khawla Ahmed (2014). Autism Spectrum Disorders. Amman, Jordan: Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution. p. 45.

11. Kawafha, Tayseer Mufleh (2010). Learning Difficulties and the Proposed Treatment Plan. Amman, Jordan: Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution. p. 28.

12. Al-Zureiqat, Abdullah Fadl (2005). Speech and Language Disorders: Diagnosis and Treatment. Amman, Jordan: Dar Al-Fikr for Publishing and Distribution. p. 25.

13. Al-Rousan, Farouk (2014). Psychology of Exceptional Children: An Introduction to Special Education. Amman, Jordan: Dar Al-Fikr for Publishing and Distribution. p. 153.

14. Al-Qamsh, Mustafa Nouri, and Al-Maayta, Khalil (2015). Psychology of Children with Special Needs: An Introduction to Special Education. Amman, Jordan: Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution.

15. Al-Sartawi, Zeidan, Al-Shakhs, Abdul Aziz, and Al-Abd Al-Jabbar, Abdul Aziz (2009). Obstacles to Integrating Children with Special Needs into Public Schools. Riyadh, Saudi Arabia: International Publisher House.

16. Askar, Ali (2012). Psychological and Educational Problems Among Special Education Groups. Kuwait: Modern Book House.

References) in English:

16.Billingsley, B. S .(٢٠٠٤) .Special education teacher retention and attrition: A critical analysis of the research literature .*The Journal of Special Education* .٥٥-٣٩ ,(١)٣٨ , https://doi.org/10.1177/00224669040380010401

17.Mitchell, D .(٢٠١٤) .*What really works in special and inclusive education: Using evidence-based teaching strategies* (2nd ed.). Routledge.

18.Brunsting, N. C., Sreckovic, M. A & ,.Lane, K. L .(٢٠١٤) .Special education teacher burnout: A synthesis of research from 1979 to 2013 . *Education and Treatment of Children*.٧١١-٦٨١ ,(٤)٣٧ ,

19.Scruggs, T. E & ,.Mastropieri, M. A .(١٩٩٦) .Teacher perceptions of mainstreaming/inclusion, 1958–1995: A research synthesis .*Exceptional Children*.٧٤-٥٩ ,(١)٦٣ ,

20.Forlin, C .(٢٠٠١) .Inclusion: Identifying potential stressors for regular class teachers .*Educational Research*.٢٤٥-٢٣٥ ,(٣)٤٣ ,

21.Bhatnagar, N & ,.Das, A .(٢٠١٤) .Regular school teachers' concerns and perceived barriers to implement inclusive education in New Delhi, India . *International Journal of Instruction*.١٠٢-٨٩ ,(٢)٧ ,

22.Turnbull, A., Turnbull, R., Erwin, E. J., Soodak, L. C & ,.Shogren, K. A . .(٢٠١٥)*Families, professionals, and exceptionality: Positive outcomes through partnerships and trust* (7th ed.). Pearson.

23.UNESCO. (2017). A guide for ensuring inclusion and equity in education. Paris: UNESCO.

24.Heward, W. L. (2013). Exceptional children: An introduction to special education (10th ed.). Pearson.

25.Darling-Hammond, L. (2000). Teacher quality and student achievement: A review of state policy evidence. Education Policy Analysis Archives, 8.(١)

26.Avramidis, E., & Norwich, B. (2002). Teachers' attitudes towards integration/inclusion: A review of the literature. European Journal of Special Needs Education, 17(2), 129-147.

27.Blue-Banning, M., Summers, J. A., Frankland, H. C., Nelson, L. L., & Beegle, G. (2004). Dimensions of family and professional partnerships: Constructive guidelines for collaboration. Exceptional Children, 70(2), 167-184.

28. Engelbrecht, P., Oswald, M., Swart, E., & Eloff, I. (2003). Including learners with disabilities: Stressful for teachers? International Journal of Disability, Development and Education, 50(3), 293-308.
29. Forlin, C. (2010). Teacher education for inclusion: Changing paradigms and innovative approaches. Routledge.
30. UNESCO. (2017). A guide for ensuring inclusion and equity in education. Paris: UNESCO.

پاشکۆکان:

**پاشکۆی ژمارە (١)**

ڕای شارەزایان

| ژمارە | ناو | پسپۆڕی | کۆلیژ | ناونیشانی زانستی | زانکۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | د. فەرمان عەلی محمود | دەروونزانی پەروەردەی | پەروەردە | دکتۆر | زانکۆی چەرموو |
| ٢. | د.ماجد اسعد محمد | دەروونزانی پەروەردەی | پەروەردە | دکتۆر | زانکۆی چەرموو |
| ٣. | د.مریوان عبدالمجید محمد | دەروونزانی کلینیکی | پەروەردە | دکتۆر | زانکۆی چەرموو |
| ٤. | د.زانا عوسمان محمد | ڕێگاکانی پێوانەو هەڵسەنگاندن | پەروەردە | دکتۆر | زانکۆی چەرموو |
| ٥. | د.سۆزان محمد علی | دەروونزانی پەروەردەی | پەروەردە | دکتۆر | زانکۆی چەرموو |
| ٦. | د. ئاوات کەریم | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پەروەردە | دکتۆر | زانکۆی چەرموو |
| ٧. | ئیمان پشتیوان بکر | پەروەردەی تایبەت | پەروەردە | م. یاریدەدەر | زانکۆی چەرموو |
| ٨. | شارا بەرزان غفور | دەروونزانی کلینیکی | پەروەردە | م. یاریدەدەر | زانکۆی چەرموو |
| ٩. | ئاراس هیوا مجید | دەروونزانی کلینیکی | پەروەردە | م. یاریدەدەر | زانکۆی چەرموو |
| ١٠. | ژاڵە عثمان عبدالله حمەسعید | کۆمەڵناسی | پەروەردە | م. یاریدەدەر | زانکۆی چەرموو |
| ١١. | فواد فاتح کریم | پەروەردەی تایبەت | پەروەردە | مامۆستای پەروەردەی تایبەت | قوتابخانەی سەرەتای |
| ١٢. | سروە فاخر | پەروەردەی تایبەت | پەروەردە | مامۆستای پەروەردەی تایبەت | قوتابخانەی سەرەتای |

| ژمارە | دەستەواژەو برگەکان | هەمیشە | زۆرجار | هەندێک جار | بەدەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پاشكۆی ژماره (٢)

زانكۆی چەرمۆ - چمچەماڵ

كۆلێژی پەروەردە

بەش / پەروەردەی تایبەت

ساڵ (٢٠٢٥-٢٠٢٤)

فۆرمی ڕاپرسی لەسەر (بەربەست و ئاستەنگەكانی فێركردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە )

مامۆستای بەڕێز توێژەران دەیانەوێت توێژینەوەیەك ئەنجام بدەن بەناونیشانی ( بەربەست و ئاستەنگەكانی فێركردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕوانگەی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتەوە لە قووتابخانە حوكمەیەكاندا ) وەبەمەبەستی پێوانی چەمكی (بەربەست و ئاستەنگەكانی بەردەم فێركردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت) توێژەران فۆرمی ڕاپرسی كراوەیان ئەنجام داوە پاشان ئەم چەند بڕگەیەیان دەست كەوتووە كەپێك هاتوە لە (٥٦) بڕگە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و پێگەی زانستی و پیشەیت لەم بوارەدا، توێژەران دەیا نەوێت سوود لە بۆچوونە دروستەكانتان وەربگرن لە سەر وەڵامدانەوەی ئەم بڕگانەی لای خوارەوە بە دانانی ئاماژەیەك لەبەرامبەر ئەو بژاردەییەی كە گوزارشت لەبیربۆچۆنت دەكات .بۆزانیاریتان هیچ وەڵامێكی ڕاستو هەڵەمان نیە .

سوپاس بۆ پركردنەوەی ئەم زانیاریانە

ساڵی خزمەت :

ڕەگەز :

قوتابخانە / شوێنی كاركردن

(سوپاسی ماندووبوونتان دەكەین )